# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:
## دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لینین


بەشی دووەم... ل11



ساڵی هەشتەم ژمارە (164) بەرواری 1-4-2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


### وتەی ژمارە

## بڕیاری بایکۆتی پارتی لە هەڵبژاردنەکان، هۆکار و لێکەوتەکانی!

پارتی بڕیاری بایکۆت و هاوکات هەڕەشەی ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەگەر بەغدا و دادگای فیدرالی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوا لە پرۆسەی سیاسی دەکشێتەوە.



بۆرژوای عێراقی و دادگای فیدرالی لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ بەربەستەکانی بەردەم فیدرالیزەکردنی عێراق و پابەندکردنی دەسەڵاتی فیدرالی هەرێم و دەسەڵاتە لۆکاڵی و خۆجێییەکان بەدەسەڵاتی فیدرالی و ناوەندی، لە هاوسەنگیەکی تازەدا، چەندین بڕیاری دەرکردووە و لەو چوارچێوەیەشدا دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی لەڕێگای بڕیاریەکانیەوە لە مەنگەنە داوە. بڕیارەکانی ئەم دوایەش لە پەیوەند بە گواستنەوەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان لە کۆمیسیۆنی هەرێمەوە بۆ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، چەند بازنە کردنی هەڵبژاردنەکان، کەم کردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمان و لابردنی کورسی کۆتاکان...تاد هێندەی تر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەتایبەتیش دەسەڵاتی پارتی ڕووبەڕووی دۆخێک کردۆتەوە، کە توشی تەنگەنەفەسی و کاردانەوەی کردووە.

بڕیاری پارتی بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و هەڕەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی، کایەکی ئاشکرای ناو پرۆسەی سیاسییە و لە بنەڕەتدا بەرهەمی لادانی بۆرژوازی عێراقی لە فیدرالیزم و دەستور و نییە، بەڵکو پابەند بوون و پیادەکردنی فیدالیزم و جێ بەجێکردنی دەستورە، ئەو فیدرالیزم و دەستورەی بۆرژوازی کوردی لە کاتی خۆیدا وەکو دەستکەوت و سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی بانگەشەیان بۆ دەکرد.

بۆرژوازی و باڵەکانی لە عێراقدا، لەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسە و تەنانەت دوای دەستور و پەسەندکردنی فیدرالیزم، بە مەبەستی کەم کردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی و ڕووبەڕووبونەوەی لە ئاستەنگەکان، زۆرتر پەنایان بۆ سازان و ریکەوتنی سیاسی دەبرد و جێ بەجێکردنی دەستورو فیدرالیزم، خۆی دەبووە کێشەو دروستکردنی ئاستەنگ و مایەی ناتەبایی، بەڵام دوای گۆرانی هاوسەنگی هێز بەتایبەتیش دوای گێرانەوەی ئارامیەکی ڕێژەیی لە باری ئەمنیەوە، دوبارە پرسی


بۆ لاپەڕە 2


## پرسی موچەی فەرمانبەران لە نێوان دەسەڵاتی فیدرالی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددا!



جارێکی تر پرسی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، کەوتۆتە داوی ململانێی سیاسی نیوان دەسەڵاتی فیدرالی و بۆرژوازی عێراقی لەلایەک و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە هەرێمدا... لەگەڵ ئەوەدا دادگای فیدرالی پرسی دابەشکردنی موچەی لەدەسەتی دەسەڵاتی خۆجێی هەرێم دەرهێنا و سپاردی بە دەسەڵاتی فیدرالی و دابەشکردنی لەلایەن بانکە ناوەندیەکانی عێراقەوە، بەڵام وا زیاتر لە


بۆ لاپەڕە 3


## بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە تیرۆری بەکر عەلی و پلانی کوشتنی بکوژەکەی!



لەم چەند ڕۆژەدا و لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی روداودا، سالار عەزیز لەباسی کوشتنی بەکر عەلی شاعیر و یەکێک لە سیما خۆشەویست و رابەرو خەباتگێرەکانی بەرگری لە خەڵکی بێخانەو لانەو ئاوارەکاندا، لە وەڵامی چەند پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی کوژرانی بەکر عەلی هەوڵیدا بێتاوانی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام بەڵگەنامەکان، پەنجەی تۆمەت ئاراستەی سالار عەزیز دەکەن.

لەیەکێک لەو بەڵگەکانامەی دەست بۆپێشەوە کەوتووە، نامەیەکە بە قەڵەم و دەستوخەتی بەکری حاجی سەفەر کە باسی پلان و چۆنیەتی کوشتنی جەلال عەلی قادر پاسەوانی تایبەتی سالار عەزیز، پارێزگای ساڵانی ٩٠ کانی


بۆ لاپەڕە 3


## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* کرێکاران سامان بەرهەم دەهێنن و سەرمایەدارانیش دەیدزن...........................ل4
* ئایا ژنان سێکسی نین وا پیاوان فرە ژنی دەکەن.............................................ل4
* هاوڕێ نوری بەشیر وەڵامی پرسی رۆژ داوەتەوە.............................................ل5
* بۆپێشەوە بوو بە هەشت ساڵ......................................................................ل7
* جەنگەکان جیاوازن.......................................................................................ل10


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری کوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"



### هاوڕێ تاهیر حاجی حەسەن وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە... ل12_13


پرسی رۆژ ل5-6 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7_8

# درێژەی وتەی ژمارە

پێناسەکردنەوەی هاوپەیمانیەتیەکان، ڕیکەوتنە سیاسیەکان، هاوکاتیش مەسەلەی جێبەجێکردنی دەستورو فیدرالیزم، جێگای پەیداکرد،

ئەگەر بۆرژوازی کورد، لەعێراقدا لە ساڵی ١٩٩١ وە، وەکو دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتی عێراقدا پیادەی دەسەڵاتداریێتی خۆی دەکرد و بە وێنەی وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیا لە عێراق دەردەکەوت، لە بنەرەتدا پەیوەندی بە لاوازی و شەق شەق بوونی ریزەکانی بۆرژوازی عێراقەوە هەبوو، بەهەموو پێوانەیەک ئێستا ئەم دۆخە گۆراوە، بۆرژوازی لە عێراقدا تا رادەیەکی زۆر یەکانگیر و هاوئاهەنگە، بەتایبەتیش لەسەر پرسی فیدرالیزم و دەستور. لە بەرامبەردا، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نەک نەیتوانی کەڵک لە دەرفەتە وەربگرێت کە لەساڵی ١٩٩١ وە بۆی رەخسا، بەڵکو خاوەنی هیچ ئاسۆیەکی دورمەودا و نەبوو، بەڵکو بە نرخی رۆژ سیاسەت و هەنگاوی دەناو لەو نێوەشدا هەموو هیواو ئومیدی خۆی بە سیاسەت و نەخشەکانی ئەمریکا و غەرب و وڵاتانی ناوچەکەوە گریداو بەمانای وشە کەوتە جەنگێکی سەرسەختی لەگەڵ ماف و داخوازییە سادەکانی خەڵک و سپاردنی ئاییندی سیاسی کوردستان، بە قەدەری ئالوگۆرەکان.

شکست و پاشەکشەی بۆرژوازی کورد لە پایەتیرین ئاستیدا، ریشەی لەو واقعیەتە دایە، نەک بریارەکانی دادگای فیدالی و مەسەلەی دەستوور، بۆرژوازی کورد چەندە ئێستا لە ژێر گوشارەکانی بۆرژوازی عێراقیدا دەست و پی دەکوتێت، دەیان بەرامبەر زیاتر کەوتوتە بەردەم نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان. تەنانەت بەشێکی بەرین لە خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر بەو هەموو ستەم و بیمافی و تالانی و دزییەی بۆرژوازی کورد، چاو و رووی ئومێدیان لە بەغدایە. متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە سفر نزیک بۆتەوە و ئومید بە بەغدا بەرەو هەڵکشان چووە.

بریاری بایکۆتی پارتی و هەرەشەی کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی، بەر لەوەی پەیوەندی بە بریارەکانی دادگای فیدرالیەوە هەبیت یان نارەزایەتی بێت بەو دادگایە، ریشەی لە ئەزمەی سیاسی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پەیوەندی بەو قڵشتە لە چار نەهاتووەوە هەیە کە لەگەڵ خەلکی کوردستان هەیەتی... بریاری بایکۆت و هەرەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی، زۆتر کاردانەوەیەکی بەرگریکارانەیە لەبەرامبەر بە دەسەڵات و بۆرژوازی عێراقیداو هەوڵیکە بۆ گواستنەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەرووی دەسەڵاتی ناوەندیدا، گواستنەوەی هۆکارەکانی بێ موچەیی و خزمەتگوازریی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە بۆ ئەستۆی دەسەڵات لە عێراقدا، لە کاتێکدا لە چاوی خەڵکی کوردستان و لە دنیای واقعیشدا، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هۆکاری سەرەکی و راستەوخۆی ئەو دۆخە دۆزەخیەیە کە رووبەرووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە. بۆرژوزی عیراقیش کەڵک و بەهرەبەردانی لە نارەزایەتی خەڵکی کوردستان لە دژی دەسەڵاتی هەرێم دەکات و بە هەر ئەندازەش بەغدا و دادگای فیدرالی گوشار بخاتە سەر دەسەڵاتی هەرێم بەشێوەی گشتی خەڵک خۆشحاڵن.

دیارە چ پارتی و چ یەکێتی، هەرچەندە هەرەشە بکەن، ناتوانن ببنە هێزی ئۆپۆزیسیۆن و ناشتوانن لە پرۆسەی سیاسی چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان بکشێنەوە. بەڵام پارتی وەکو هێزێک کە زوربەی جومگەکانی دەسەڵاتی لەهەریمدا لەدەستدایە، بەجیا لە نارەزایەتی خەڵکی کوردستان هاوکات رووبەرووە لەگەڵ نارەزایەتی و نیگەرانی یەکێتی نیشتیمانی... یەکێتی نیشتمانیش دەیەوێت دۆخی نەخوازراوی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی مەسەلەی موچەو خزمەتگوازارییەکان و بێمافی بئاڵێنێتە سەر پارتی و شانی خۆی وەکو هیز و دەسەڵاتی زۆنێک، لەهەموو بەرپرسیاریەتیەک خاڵی بکاتەوە. جیا لەوانە هەر هیرش و گوشارێک کە ناوەند بیخاتە سەر پارتی و دەسەڵاتی هەرێم یەکێتی سەرگەرم دەکات و پێی خۆشحاڵە...بەتایبەیش کە یەکێتی لە جەمسەری دەسەڵاتی ناوەندی و ئێراندایە. ئەوەش رۆشنە پارتی ئەگەر بایکۆتی هەڵبژرادن بکات، بە کردەوە جارێکی تر هەڵبژاردن دوا دەکەوێت و تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردن بە بێ پارتیش بکرێت... دەسەڵات لە زۆنی زەرددا هەر لەدەستی پارتیدا دەمێنێتەوە و پارتی هیزی ئەمنی و سەربازی و داهات و دەسەڵات رادەستی هیچ هێزێکی سیاسی ناکات ئەگەر سەد کورسیش بهێنێت...

لەو نێوەدا راستیەک هەیە کە پیویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، ئەو راستییەی کە فیدرالیزمی قەومی و هەوڵ بۆ جێخستنی و پیادەکردنی، نەک بە سودی خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی نییە، بەڵکو رەچەتەی قوڵبوونەوەو بە فەرمی کردنی ململانێی قەومییە. ئەگەر پارتی و یەکێتی خەریکە دەبنە قوربانی پیادەکردنی فیدرالیزم و دەسور، ئەوا داهاتووی خەڵکی کوردستانیش رووبەرووی دۆخێکی نەخوازراوی سیاسی دەکاتەوە و جارێکی سایەی هەڵاواردنی قەومی، کە ریشەی لە چارەسەر نەکرانی کیشەی کوردایە، دوبارە دەبێتەوە... خۆشخەیاڵی خەڵکی کوردستان بە بریارەکانی دادگای فیدراڵی و دەسەڵاتی عروبی و ئیسلامی، باجێکی زۆری بەدواوە دەبێت... دەسەڵاتی نەنگینی حزبۆکراتی و میلیشیایی دزو جەردەیی پارتی و یەکێتی و هیچ رەوایەتیەک بە دەسەڵاتی دزو جەردە و قەومی و دینیەکانی عێراق نادات و ئەوان ئەلتەرناتیفی خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی نین، ئەلتەرناتیف ئەگەر رەتکردنەوەی یەکێتی و پارتی و هاوبەشەکانیانە، هاوکات وەستانەوەیە بەرووی هەر هەوڵێکی بۆرژوازی عێراقی و بەدژی فیدرالیزمی قەومی و هەژموونی سیاسییان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، ئەلتەرناتیفی واقعی لە بەرامبەر بەدەسەڵاتی پەڕوباڵکراوی ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵات و هەژمونی ناوەندی بەسەر هەرێمدا، دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری خەڵکی کوردستانە بەسەر چارەنووسی سیاسی و بەڕیوەبردنیەتی لەلایەن خودی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی لە خوارەوەی خۆیەوە.

لەجیاتی ئەوەی خەڵکی کوردستان خۆشباوەر ببن بە دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقیدا، پیویستە لە ئیستاوە ریزی سەربەخۆی خۆیان جیابکەنەوە و بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەگەرەکانی داهاتوو ئامادەبن... پیویستە لەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی ئومید بەخش کە ئیرادە بۆ تاکەکانی دەگێرێتەوە کۆببنەوە... ئاسۆی سۆشیالیستی ئەو ئاسۆیەیە، کە دەتوانێت ئاییندەکی تر و ژیانێکی تر و بۆ چینی کرێکار و جەماوەری بیبەشی کوردستان لەدەست هەموو ستەم و بێمافی و جیاکاری و مەینەت و دەردەسەریەک رزگار بکات. با بۆ ئەو نەبەردە ئامادەبین.

**عەبدولا مەحمود**

## لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

**دەسەڵاتی نەنگینی حزبۆکراتی و میلیشیایی دزو جەردەیی پارتی و یەکێتی و هیچ رەوایەتیەك بە دەسەڵاتی دزو جەردە و قەومی و دینیەکانی عێراق نادات و ئەوان ئەلتەرناتیفی خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی نین، ئەلتەرناتیف ئەگەر رەتکردنەوەی یەکێتی و پارتی و هاوبەشەکانیانە، هاوکات وەستانەوەیە بەرووی هەر هەوڵێکی بۆرژوازی عێراقی و بەدژی فیدرالیزمی قەومی و هەژموونی سیاسییان بەسەر خەڵکی کوردستاندا ...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی: پرسی موچەی فەرمانبەران لە نێوان دەسەڵاتی فیدرالی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددا!

٥٠ ڕۆژە موچەی مانگی دوو دابەش نەکراوە… پاساوی دابەش نەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گوایە دەسەڵاتی فیدرالی بەغدا تەنها موچەی فەرمانبەرانی ناردووەو موچەی دەزگا ئەمنیەکانی نەناردووە و ئەمەش کورتی لە موچەدا دروست دەکات و بۆیە ئامادەنین موچە دابەش بکەن… ئەوەی جێگەی ڕامانە ئەوەیە کاتێک موچەی فەرمانبەران هاتووە پاساوێک نامێنێتەوە بۆ دابەشکردنی، بەڵام بەو هۆیەوە پارتی و یەکێتی چاویان لەوەیە تەواوی بوجەی هەرێم بێت خۆیان لە دابەش کردنی موچە دەدزنەوەو لەوەش زیاتر پارتی دابەش نەکردنی موچەی موچەخۆران وەکو کارتێکی گوشار لەبەرامبەر بە بەغداو بڕیارەکانی دادگای فیدرالی بەدەستەوە دەگرێت…

تێکەڵ کردنی پرسی موچەی هێزە ئەمنیەکان و دەزگاکانی تری هەرێم لەگەڵ پرسی فەرمانبەران، ناحەقیەکی گەورەیە و فەرمانبەران باجەکەی دەدەن، یەکلایی کردنەوەی پرسی موچەی هێزە ئەمنیەکان و دەزگاکانی تری هەرێم، کێشەی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و هەرێمە نەک کێشەی موچەخۆران… مادام موچەی فەرمانبەران هاتووە پێویستە ئەو موچەئە دابەش بکرێت و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی تر نەکرێنە ڕێگر و پاساو بۆ زیاتر برسی کردنی فەرمانبەرانی هەرێم…

دیارە هۆکارێکی تری دابەش نەکردنی و موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی لەلایەن بانکە ناوەندیەکان و پەراوێزخستنی "هەژماری من" کە هی دەسەڵاتی هەرێم و پارتییە… پارتی و دەسەڵاتی هەرێم کە دۆسیەی نەوت و غازو فرۆشتنی لەدەست دەرهاتووە، دەیەوێت لە ڕێگای بانقەکانی سەربەخۆیان و "هەژماری من" و قەرەبووی بکەنەوەو ئەو سودەی لەدزین و فرۆشینی نەوتدا بەدەستیان دەهێنا، ئەمجارە لە ڕێگای هەژماری من و سودی بانقیەوە، بەدەستی بهێنن.


فەرمانبەرانی هەرێم، کە ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی هەیە، متمانەیان بەهیچ بریار و هەنگاوێکیان نییە، بۆیە چۆن خۆشحاڵن بە بریارەکانی دادگای فیداڵی ئاواش چاوەڕوانیان ئەوەیە بەغدا و لە ڕێگای بانقەکانی ناوەندەوە موچەکانیان وەربگرن…بەڵام ملمڵانێی نێوان هەرێم لەگەڵ بەغداو لەسەر دابەشکردنی موچە و کێبەرکێی بانقەکان، پرسی دابەشکردنی موچەی ڕاگرتووەو دیاریش نییە کەی ئەم ملۆزمەی سەر ژیانیان کۆتایی دێت و موچە دابەش دەکرێت، بۆیە دوبارەو بە ناچاری بەشێک لە فەرمانبەرانی هەرێم بەتایبەتی لە زۆنی سەوزدا هەرەشەی دوبارە دەستبردن و بۆ بایکۆت و خۆپیشاندان دەکەن.

دیارە فەرمانبەرانی هەرێم، مافی خۆیانە لە پێناو موچە و لەڕاستیدا لە پێناو بەڕیوەچوونی ژیانیاندا ڕێگەی خەبات و شێوازەکانی بگرنە بەر، تا بینە گوشار لەسەر هەردوو دەسەڵاتی فیدرالی و هەرێم تا هەرچی زووە موچە وەربگرن و بە بنە قوربانی ملمڵانێی سیاسی نێوان و بەغداو هەرێم. دەبێ ئەو ڕاستیەش هەمووان بیزانن کە پارتی و یەکێتی بەیەکەوە بریاری دابەش نەکردنی موچەیان داوە… هەراو هۆریای ڕاگەیاندن ناتوانێت بریاری ئاشکرای هەردوولاو هاوئاهەنگیان لە دژایەتی خواستی فەرمانبەراندا، بشارێتەوە… خەڵکی کوردستان و چین و توێژە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگە، پێوستە بەهەر جۆرێک بۆیان دەکرێت و مەیسەرە پشتیوانی لە خواستی فەرمانبەرانی هەرێم بکەن لە پێناو موچەکانیاندا.

## درێژەی: بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە تیرۆری بەکر عەلی و پلانی کوشتنی بکوژەکەی!

سلێمانی دەکات. جەلال عەلی قادر کە تۆمەتبار بووە بە کوشتنی بەکر عەلی بەبرینداری، دوای ئەوەی پاساوانەکانی سالار عەزیز تەقە لە بەکر عەلی دەکەن و بریندار دەبێت، دەتوانێت ڕابکات، بەڵام دوای دەکەون و لە یەکێک لە کۆڵانەکاندا ئەم جەلال ناوە، بەکر عەلی دەکوژێت… بۆ پەردە پۆش کردنی ئەم تاوانە و ترسان لەوەی بکوژ ئەو نهێنییە بدرکێنێت… بە پلانێک لە شەری ناوخۆدا لە پشتەوە دەیکوژن.

ئەمەی خوارەوە بەڵگە دەستنوسیەکەی بەکری حاجی سەفەرە کە باس لەچۆنیەتی لەناوبردنی بکوژی شەهید بەکر دەکات بۆ سالار عزیزی هاوڕێی.


Date :


Kurdistanpost

# لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا… بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لەم ب'
- وپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# کرێکاران سامان بەرهەم دەهێنن و دەوڵەمەندەکانیش دەیدزن!

## وەرگێرانی: توانا حەمە نوری



١٤٨ لە گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان لە ساڵی ڕابردوودا تا مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣، ١,٨٩٥ تریلیۆن دۆلار قازانجیانبەدەستهێناوە، بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ٥٢٪ زیادیکردووە. بۆ هەر ١٠٠ دۆلار لەو قازانجە، خاوەن پشکە دەوڵەمەندەکان ٨٥ دۆلاریان خستۆتە گیرفانی خۆیانەوە.

بە خەڵک دەوترێت لە ڕێگەی ماندووبوون و هەوڵدان دەتوانیت دەوڵەمەند بیت بەڵام لە ڕاستیدا گرنگترین فاکتەری دەوڵەمەندبوون دزی و تاڵانییە.

سامان لە کوێوە دێت؟ سامان لە سەرمایەداریدا وەک کۆمەڵێک شمەک و کاڵا دەردەکەوێت.

ئەم کاڵایانە ئەو کاڵایانەن کە بە تایبەتی بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە بازاڕدا بەرهەم دەهێنرێن. ئەم پرۆسەیە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە، نەک پەیوەندی شتەکان.

چینی دەسەڵاتدار کۆنترۆڵی ئەو شتە دەکات کە کارل مارکسی بە "ئامرازی بەرهەمهێنان" ناوی بردووە - کارگە، فەرمانگە و زەوی و هتد. زۆرجار بە شێوەیەکی تایبەت خاوەندارێتییان دەکەن و هەندێک جاریش دەوڵەتەکان خاوەنیانن. زۆرینە تەنها کاتێک دەتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن کە لە بەرامبەر کرێ یان مووچەیەکدا کار بۆ کەسێکی تر یاخود دەسگایەکی حکومی بکەن. کرێکاران ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریيانە بەرهەم دەهێنن کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی. لە شوێنەکانی کاردا کە نە خاوەنی خۆیانن و نە کۆنترۆڵی دەکەن.

وەک سۆشیالیستی ئەمریکی یوجین دێبس دەڵێ "سەرمایەدارەکان خاوەنی ئەو ئامرازانەن کە بەکاریان ناهێنن، کرێکارانیش ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنن کە خاوەنی نین. سەرمایەداران خاوەنی ئەو ئامرازانەن کە چینی کرێکار بەکاری دەهێنن، ئەوەی چینی کرێکار بەرهەمی دەهێنێت خۆی خاوەنی نییە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە چەند سەرمایەدارێکی کەم بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەوڵەمەند دەبن لە کاتێکدا ملیۆنەها کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش لە هەژاری و نەزانی و وابەستەییدا دەمێننەوە."

کەواتە کرێکاران لە ڕاستیدا "دروستکەری سامان"ی سەرەکین. بوون بە "دروستکەری سامان" نابێتە هۆی ئەوەی دەوڵەمەند بیت. ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریيانەی کرێکاران بەرهەمی دەهێنن هی خۆیان نییە، بەڵکو هی خاوەن کارەکانە.

چینی کرێکار هەر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی شمەک و کاڵاکاندا، سامانی سەرمایەدارەکانیش بەرهەم دەهێنێتەوە. کرێکار تەنها بەهایەکی ئەوتۆ بەدەست دەهێنێت کە ڕێگەی پێبدات بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. بەشێکی زیادەی بەها لە دەرەوەی کرێ- مارکس بە "بەهای زیادە" ناوی دەبات - لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە کۆدەکرێتەوە.

ئەوە ناوەرۆکی چەوساندنەوەیە. کرێکاران زیادەی بەرفراوان بەرهەم دەهێنن، کە لە کۆتاییدا دەچێتە دەستی ئەو کەسانەی کە حوکمڕانن بەسەریاندا. تا زیاتر کار بکەن، چەوسێنەرانیان دەوڵەمەندتر و بەهێزتر دەبن.

خاوەن کارگەکان و سەرۆکی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و خاوەن مەزرەعەکان تەنها لەبەر ئەوەی کرێکاران "کەسانی خراپن"ناچەوسێننەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرمایەدارن ئەو کارە دەکەن.

کۆمپانیاکان بە بەردەوامی خاوەنەکانیان دەگۆڕن. زۆرجار سەرۆک و بەڕێوەبەرەکان لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە و دەگۆڕدرێن. بەڵام شێوازی کارکردنیان ناگۆڕێت. ئەوەی دەیانباتە پێشەوە، پاڵنەرێکی سیستماتیکە بۆ بەرهەمهێنانی سامان. "کۆی بکەنەوە و کەڵەکەی بکەن"، وەک مارکس باسی کردووە.

لە کاتێکدا ڕەنگە سەرمایەداران لە دژی کرێکاران یەکبگرن، بەڵام هەمیشە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

سیستمی سەرمایەداری بە گشتی لەلایەن ئەم دوو هێزەوە دەجوڵێت - کەڵەکەبوونی سەرمایە و کێبڕکێی نێوان سەرمایەداران. ئەمەش ناسەقامگیری دروست دەکات. ئەوەی نەگۆڕە ئەوەیە کە ئەوانەی خاوەن و کۆنترۆڵی سامانەکەن هەمیشە دەیانەوێت قازانجی زیاتر بکەن.

تەکنەلۆژیای نوێ و کۆمپیوتەر دەتوانێت بەرهەمهێنان خێراتر بکات، ڕەنگە بەهۆی ئەمەوە سەرمایەدارێک پێش سەرمایەدارێکی تر بکەوێ. بەڵام ئەوەی بەڕاستی جیاوازی دروست دەکات، بڕی ئەو کارەیە کە دەتوانرێت لە هەر کرێکارێک دەربهێنرێت و لە بەرامبەریشدا چەندی بدرێ بەو کرێکارە بۆ ئەوەی بژی.

ئەمەش واتە پاڵنانی کرێکاران بۆ کارکردنی درێژتر و شفتی سەختتر لە هەمان کاتدا هێشتنەوەی مووچە لە ئاستی خۆی. سیستەم لەسەر کاری چینی کرێکار بنیات نراوە. بەڵام شێوازی چەوساندنەوەی ئەو کارە، ململانێی چینایەتی دەکاتە شتێکی حەتمی.

**لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی**

# ئایا ژنان سێکسی نین وا پیاوان فرەژنی دەکەن؟

## م.هاوژین



بابەتی ڕۆژ کە ئەم ڕۆژانە زۆر گەرم و گوڕە، بەداخەوە بابەتی فرژنی پیاوانە کە لە تاق و لۆقەوە بۆتە دیاردەو زۆر زۆر شتێکی ناشیرینیەو وەکو سێکسفرۆشی بەکۆمەڵ دێتە بەرچاوی مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان. چونکە یەک پیاو لەگەڵ چوار ژن و زیاتریش تێبینی کراوە. بیانووی پیاوانی دینیی بۆ ئەو کارە قێزەونە دوور لە ویژدان و ئەخلاق و بەها مرۆییەکان، بریتییە لەوەی کە گوایە ژنەکانیان بەشیان ناکەن و ناتوانن لە ڕووی سەرجێییەوە تێریان کەن، کە بێ گومان درۆیەکی شاخدارەو زانست پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە. لەڕووی زانستی یەوە، ژنان زۆریان بەسەر پیاوانەوە هەیە لەڕووی سێکسی و حەزی جوتبوونەوە و بەڵگەش ئەوەیە کە ژن درەنگتر دەگاتە دۆخی تەواوبوون(ئۆرگازم) یان ئاوهاتنەوە. ئەمەش زۆرترین حاڵەتەکان پیاوەکە زوو ئاوی دێتەوەو ژنەکە هێشتا تازە زەوقی فولدەبێت. بۆیە کێشەی زۆربەی هاوسەران هەر ئەو بابەتی سەرجێییەیە و پیاوان ژنەکانیان پێ تێرنابێت و بیانوی ئەوەی گوایە خەتەنە کراون بۆیە تەواو نابن، زوو دوای تێربوونی حەزی خۆیان، دەنوون و پشتیان تێدەکەن. خاڵێکیتر بریتییە لە ماندووبوونی لەڕادەبەدەری ژنان. پیاوان، بەتایبەتی پیاوانی ئایینی لە برسێتی دەخۆن و لە تێری دەڕین و دەنوون، ئیدی باکیان بەوهەموو ئیش و کارە قورسانە نییە کە ژنەکانیان پێوەی دەناڵێنن و پشتیان دەشکێنن، ئەوەش وادەکات کە پیاوەکە هێشتا گەنجە و بەتوانایە، بەڵام ژنەکە هێشتا تەمەنی نەبۆتە ٤٠ساڵ، کەچی دەبینی سەری سپی بووەو توشی نەخۆشی سەوەفان و فەقەرات و انزلاق بووەو هیچ حەزی بە سێکس نەماوە، چونکە پشووی نەداوە و ماندوویە. هەموو وزەکەی خۆی ڕۆژەکە لە منداڵەکابی و ماڵەکەی خەرجکردووە ئیتر چۆن بتوانێ شەویش سێکس بکات؟ ئەمەش بەداخەوە بێ ویژدانی یەکی گەورەیە و ژنان دەبنە قوربانی و سەرەڕای ئێش و ئازاری جەستەیان، ناچارن بەرگەی توانج و تانە و تەشەری پیاوانیش بگرن، گوایە پیربوون و پێیان نەماوە. خۆ ئەگەر بێتو پیاوان لە ئیش و کارەکانێ ماڵەوە هاوکاری ژنەکانیان بن، ئەوە بێگومان ژن ووزەی زیاتری دەبێ باشتر دەتوانێ مومارەسەت مافی خۆی بکات لە سەرجێیداو چێژی لێ ببینێت. ماوەتەوە بڵێین و داوابکەین: تکایە ژنانی ئازیز چیتر خۆتان ماندوومەکەن و مەبنە مامە خەمە. ئەوەی مێردەکانتان دەیانەوێ بۆ زوربەیان تەنیا سێکسەو سێکسە و سێکس و هیچیت. ئیتر گرنگی بە خۆتان بدەن و چێژ لەو جیهانە جوایەی سێکس ببینن و بزانن کە ژیان چەندە جوانە کاتێ حەزەکانت تێرن و چیدی خەفەیان ناکەیت.


خەباتی ئێمە لەپێناو یەکسانی و سڕینەوەی جیاکاری لەنێو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئێستادا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتێکی بەرینتر و بنچینەیی ئێمەیە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و ئازادی کۆمۆنیستی. کۆمۆنیستی کرێکاریی لەڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی کۆمەڵایەتی لە دژی جیاکاری و نایەکسانییەکانی جیهانی ئەمڕۆدایە و باوەڕی وایە کە یەکسانیی حقوقیی هەمووان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمووواندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ناسنامەی نەتەوەیی، دین، نەژاد، بیروباوەڕ، عەقیدە، کار و پیشە، پلەوپایە و ڕەگەزنامە و□تاد ئینسانەکان، دەبێ وەکو پرنسیپێکی لە شکان نەهاتوو و بنەڕەتی لە ڕیزی سەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگادا ڕابگەیەنرێت.

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ: هەڵبژاردنەکان و بڕیاری بایکۆتی پارتی

## بەڕێز (نوری بەشیری) ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەڵامی پرسی ڕۆژی ئەم ژمارەیەی داوەتەوە...



دوای بڕیاری دادگای فیدڕاڵی عێراق سەبارەت بەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، ودیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لە ١٠/٦/٢٠٢٤ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە. هەندێک گۆڕانکاری لە پرۆسە و یاساکانی هەڵبژاردن لەوبڕیارەی دادگای فیدڕاڵیدا ئەنجامدرا. هەندێک لەو بڕیارانە لەبەرژەوەندی هەندێک لایەن و حزبی سیاسیبوو، وبەپێچەوانەش دژ بەبەرژەوەندی هەندێک حزب و لایەنی سیاسی دیکەبوو، لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان. هەربۆیە لەبەیاننامەیەکی م. سیاسی حزبی ناوبراودا ئاماژە کراوە بەجۆرێک لەبەشدارینەکردن لەوهەڵبژاردنەدا ئەگەر بێتوو بەمشێوەیەی ئێستا بەڕێوەبچێت. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو حزبە؛ ئەو گۆڕانکاریانە دەستوری نین.

**پرسی ڕۆژ: ئایا ئێوە چۆن دەڕاونن هەڵومەرجی هەڵبژاردنی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان؟**

**نوری بەشیری:** پرسیارەکەتان دەکرێت لە دووڕووەوە خوێندنەوە، و لێکدانەوەی بۆ بکرێت:

یەکەم: هەڵبژاردنی داهاتوو لەڕووی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگەوە.

دووەم: لەڕووی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حزبەکانی لەناوخۆدا لەلایەک لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بەدوای ئەو بڕیارانەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقدا لەلایەکی ترەوە.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت؟ هەموو ئەو لایەنانە کە لە کێشەمەکێشدان بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن و خەڵکی کوردستان نە لەئاشتیاندا، نە کێشەکانیادا، نە لەهەڵبژادنەکانیادا و لەبراوەی هەر لایەنێکیاندا هیچ سودمەند نین. لەهەردوو حاڵەتەکاندا قوربانی گەمەو سیاسەتی کۆنەپەرستانەو بۆرژوازیانەی ئەوانن. ئەوەتا خەڵک بەتەجروبەی خۆیان هەموو لایەنەکانی هەرێم و ناوەندیان تاقیکردۆتەوە کە بەشوێن چیەوەن، بۆیە زۆر هەواڵەکانی بەشداری و بەشدارینەکردنیان لەهەڵبژاردن بۆ گرنگ نییە، و هەر لەم کاتەدا بەشوێن خواست و داواکانی خۆیانەوەن بەتایبەت موچەخۆران بەشوێن موچەی چەندین مانگەوەن کە لێیان زەوتکراوە.

تا بەخاڵی دووەم دەگەڕێتەوە؛ ئەم هەڵبژاردنەش وەک هەموو هەڵبژاردنەکانی دەورەی پێشوو لەکوردستان بێ کێشە نییە، بەڵام کێشەی ئەمجارە زۆر جیاوازە، بەتایبەت حکومەتی هەرێم گەورەترین دەورانی لاوازی خۆی بەسەردەبات لەبەرامبەر ناوەندا، حزبەکانی کوردایەتی هەریەک لە ئاوازێک دەخوێنێت بۆ ملشکاندنی بەرامبەرەکەی و حکومەتی هەرێم و ناوەندیش بەهەمانشێوە لەتەوازنی هێزێکی نوێدا کیشەکانیان دەردەکەوێت و لەپەیوەند بەهەڵبژاردنەوە لەهەر لەو چوارچێوەیەدایە.

بەتایبەت حکومەتی فیدراڵی عێراق، لەسەر ئەساسی تەوافقاتی قەومی، دینی و تائیفی دروستبووە، ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم هەڵبژاردنەی مانگی حوزەیران ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەمێژووی سێ دەیەیی دەسەڵاتیانداو لە ماوەی بەشداری بیست ساڵیان لەحکومەتی فیدراڵیدا، بێوێنەیە، لەبەرئەوەی هەلومەرجەکە گۆڕاوە. زۆر پاشەکشە بە حزبە ناسیونالیستەکانی حکومەتی هەرێم، و لەسەرویانەوە بەپارتی کراوە، کە خۆی بە گەورەترین و حزب و دەسەڵات دەزانێت و زۆربەی جومگە هەستیارەکانی کوردستانی لەدەستدایە.

سەرەتا حکومەتی ناوەند بە یاسای نەوت و گاز، توانی ئەو سەروەت و سامانە خەیاڵیەی لەنەوت و گاز دەیان دزی تەسلیم بە ناوەندی بکەن، و بەدوایدا واتە پێش ئەم هەڵبژاردنەش ناوەند لەڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵەوە کۆمەڵێک بڕیاری دیکەیان بەسەردا فەرزکردوون، کە ڕەنگە هەمووی نەتوانرێت لەئێستادا جێبەجێبکرێت و تەوافقی لەسەر بکەن لەم دەورەیەدا بەتایبەت بەدوای نیگەرانیەکانی پارتیدا. بەڵام ئەمە هەنگاوێکە لەکێشمەکێشی سیاسی ئەم دەورەیەی نێوان ناوەند و هەرێم کە لەهەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیدا کە لەبەرژەوەندی حکومەتی ناوەندە لە ئایندەدا، لەوانە؛ لیسەندونەوەی کورسی کۆتاکان، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکات لە جیاتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، گۆڕینی یەک بازنەیی دەنگدان لەهەڵبژاردندا بۆ چەند بازنەیی، باسی دابەشکردنی موچەی کارمەندان لەلایەن بانکەکانی عێراقەوە، کە زەرورە رونکردنەوەیەکی زیاتر لە هۆکارەکانی بدەین.

بۆ هەڵبژاردنی عێراق و کوردستان بەهۆی ئەوەی لە چوارچێوەی حکومەتێکی تەوافقیدایە، هەردەوریەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەویش بەپێی تەوازنی هێزەکان و گۆڕانی جێگاوڕێگایان.

با بزانین لە چ هەلومەرجێکدا هەڵبژاردنی حوزیران لە کوردستان دەکرێت؟ ئەم هەڵبژاردنە لەهەلومەرجێکدا ئەنجامدەدرێت کە زۆر شت گۆڕنکاری بەسەردا هاتووە، کەدنیای چەند جەمسەری لەبەردەم خۆسازدانەوەی جەمسەرەکان و سازدانەوەی دنیا لەبەرژەوەندی ئەم دەورەیەیاندایە، وە حکومەتانی ناوچەکەش لەم چوارچێوەیەدا لەخۆسازدانەوەدان بۆ دەوریەکی نوێی سازدانەوەی سیاسی و ئابوری پەیوەندی وڵاتەکانیان.

کە حکومەتانی سەرمایەداری ناوچەکە پێویستیان بەوە هەیە ئارامیەکی سیاسی دروستبکەن، هەموو شاهیدی هەین کەناوچەکە بەدوای ڕێکەوتنی سعودیەو ئێران، کە سعودیە هەم سیاسەتی لەناوچەکە گۆڕاوە لەگەڵ ئێران (حوسیەکانی یەمەن)، و لەگەڵ ئیسرائیلیشدا، بەشوێن فەزای ئارام و دور لە جەنگ و گەشەدان بە بازاڕێکی ناوخۆ لەدەرەوەی داهاتی نەوت کە لەدەورانی پێشوو مەسەلەی ئەساسی بوو. هەر بۆئەمەش هەموو وڵاتانی ناوچەکەو جیهانیش بەشوێن بردنی عێراق و سوریاوەن بۆ هەلومەجێکی ئارامی سیاسی و سەرپێخستنی ئابوریەکانیانەوەن، کە ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکە لەمڕاستایەدا کاردەکەن، بۆ ئەوەش جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندە لە عێراقدا.

تا بەکوردستان دەگەڕێتەوە لەماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوودا، حزبە ناسیونالیستە کوردیەکان بەتایبەت دووهێزی سەرەکی پارتی و یەکێتی کە بەردەوام خۆیان بە سیاسەتی ئەمریکاوە گرێداوە، بەسیاسەت و قیافەی شاخ و میلیشیاییەوە بەردەوام دەرکەوتوون، وە هیچ کاراکتەرێکی شاری و دەسەڵاتێکی مەدەنی جێگیرو نموونەییان نیشانندداوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کێشەکانی نێوان ئەم حزبانە زیاتر بووە، کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات جاردوای جار فراوانتر دەبێتەوە، خەڵک نەفرەت و توڕەیی بەرامبەریان لە(بێموچەیی، نەبوونی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان، سەرکوت، تیرۆر، بڵاوکردنەوەی فەزای گەندەڵی و شەڕوپێکدادانی ناوخۆیی و دووزۆنی سەوزوزەرد و دوو ئیدارەیی، ڕاکێشانی دەستی حکومەتانی ناوچەکە لەوانە ئێران و تورکیا، هێنانەوەی حکومەتی بەعس، حەشدی شەعبی بۆ کوردستان، سەپاندنی پلەدوویی ژنان، دروستکردنی ریزێکی فراوان لە حزب لەبەرژەوەندی خۆیان، بڵاوکردنەوەی فەزای کۆنەپەرستی و دواکەوتویی، کۆچی فراوانی گەنجان بۆ دەرەوە و هەوڵدان بۆ بێئیرادەکردنی خەڵک،... هتد).

خاڵێک کە بەدوای روخانی رژێمی بەعسدا لەپرۆسەی سیاسی عێراق بەدیدەکرێت، وحزبەکانی کوردایەتی ئیمزاکردن لەسەر عێراقێکی فیدراڵی و دەستورێک لەسەر ئەساسی قەومی و دینی و تایفی لەساڵی ٢٠٠٥دا، ئەو هەموو بڕیارانەی کە حکومەتی ناوەند و بەتایبەت لەرێگای دادگای فیدراڵی عێراقەوە کەپێش هەڵبژاردنی کوردستان دەدرێت، بەپێی هاوسەنگی هێزی ئێستا لەبەرژەوەندی بۆرژوازی شیعیەدا، کە مۆری خۆیداوە لەهەڵبژاردنی ئەم دەورەیەی کوردستان، بەجۆرێک زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی حزبەکانی کوردایەتی کەمدەکاتەوە، لەپێش هەموویانەوە پارتی و دوای یەکێتی. لەئێستادا هەموو کێشەکانیان دەبینین، کە چۆن خەریکی ملشکاندنی یەکترن، بەتایبەت کە پارتی بەشی شێری بەردەکەوێت و نیگەرانەو دەڵێ بەشداری هەڵبژاردن بەوشێوەیە ناکەم! بەڵام یەکێتی بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی پارتی نییە، رازیە بەهەموو بڕیارەکانی دادگای فیدراڵ. ئەمەش وایکردووە ئەو جێگاوڕێگایەی کە لە سێ دەیەی رابردودا هەیانبووە بڕواتە دواوە، هەربۆیە هەڵوێستەکانی پارتی لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجەدایە کەبەناچاری دەبێت ئەوکارە بکات کەسەرەتا بە بایکۆت و دوایی نیگەران لە بڕیارەکانی دادگایی باڵای فیدراڵی عێراق، کە لەئاخردا وەک هەموو ساڵەکانی پێشوو حکومەتی عێراق لەسەر بنچینەی تەوافق هاتووە، بۆئەم دەورەیەش ڕێکەوتنێک دەکەن. بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاوە کە لەئێستادا هەم دەستبەرداری پارتی نابێت و هەم جێکەوتنی حکومەتی ناوەندی بۆ گرنگە، بۆیە لەهەوڵەکانی سودانی پێش سەفەری بۆ ئەمریکا، بەشێک لەکاری بریتیە لە ڕێکەوتنی لەنێوان پارتی و ناوەندا سازبکات بۆ بەشداری هەڵبژاردن. بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت، پارتی بەشداری هەڵبژاردن بکات یان نەیکات، ئەوا جێگاوڕێگایەک پێشتر هەیبووە ناگەڕێتەوە.

ئەمەش بەمانای ئەوە نیە یەکێتی یان هەرلایەنێکی تری قەومی و ئیسلامی ئەگەر چەند کورسیەک لەپارتی زیاتر بهێنن ئەوان براوەن، یان جێگاوڕێگای پارتی لەبەرامبەریاندا لەخوارتر دەبێت، بەڵکو پارتی هەر لەهەرێمدا هەر

**پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێك لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

**bopeshawa@gmail.com**

لەسەروتر دەبێت، بەپێی پێدوایستیەکانی حکومەتی ناوەندو ئەمریکاو تورکیا، بەڵام لەم هەلومەرجەو دوای هەڵبژاردنیش براوە حکومەتی مەرکەزی دەبێت، ئەویش بەلێسەندنەوەی زیاتری ئەو ئمتیازانەی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی کە هەیانە، ئەم دەورەیەش بەهەمانشێوە حکومەتی تەوافق پێکدەهێنن و پارتی هەر هێزی سەرەکی ناو دۆڕاوەکان و براوەکانی کوردستان دەبێت.

**پرسی رۆژ: ئەو هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا دەبێتە هۆی پەکخستن و بەربەست دروستکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو؟**

**نوری بەشیر:** لەسەرەوە ئیشارەتێکی کورتماندا، لەسەر هەڵوێست و جێگاو ڕێگای پارتی لەهەلومەرجی ئێستادا، لێرەدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەری لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانەوە. هەروەها یاریەک کە لەبەرامبەر بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵدا، هەریەک لە پارتی و یەکێتی دەستیان بۆ بردووە، پێش هەموو لایەنەکان لێدانە لە پێگەی پارتی و بارزانی، و دوایی یەکێتی و لەبەرژەوەندی حکومەتی ناوەندایە. لەئایندەدا خەباتی کرێکارانی کوردستان و عێراق و خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە بەگشتی پێویستی لێکنیزکبوونەوەی زیاتر دەکات.

کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان لە ٣٣ ساڵی رابردوودا قوربانی دەستی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی (پارتی و یەکێتی دووهێزی سەرەکین تێیدا). جا مەرج نیە لەئێستادا هەموو جێبەجێبکرێت، بەڵکو هەنگاوێکە لەراستای بەهێزکردنی زیاتری دەسەڵاتی حکومەتی قەومی شیعی ژێر نفوزی ئێران، پێ بەپێی هەلومەرج و هەڵوێستی جیهانی و ناوچەیی، و لەپاڵدا وەستانی حکومەتی ناوەندو زیاتر دەستبەرداربوونی زیاتری پارتی و حکومەتی هەرێم، گێڕانەوەی بۆ چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق کە بڕیارەکان بەپێی دەستوری عێراقی، بارزانی و تاڵەبانی ئیمزایان لەسەرکردووە، جێبەجێ دەکرێت.

حکومەتی فیدراڵی عێراقیش وەک حکومەتی هەرێم، وەک دوو دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دژی خەڵکی لەسەر تەوافقی حزبەکان دروستبووە، ئەم تەوافقاتەش بەپێی تەوازن دەگۆڕێت، هەروەک چۆن بەپێی تەوازن پارتی هێزی سەرەکی و خاوەن دەسەڵاتبوو لە حکومەتی هەرێمدا، بەئارەزووی خۆی؛ تەمەنی پەرلەمانی درێژدەکردەوە، دەرگای پەرلەمانی دادەخست، سەرۆکی پەرلەمانی دەنارده ماڵەوە، لە ناو هۆڵی پەرلەماندا پەرلەمانیان بەرشەق دەداو کورسی کۆتایان دەهێنا لەبەرژەوەندی خۆیان، یاسای دژی ژنانیان پەسەند دەکرد، بەئارەزووی خۆیان موچەیان دەداو دەبڕی! ئێستاش بۆ حکومەتی ناوەندیش هەمانشتە، حکومەتی تەوافقی ناسیونالیزمی کوردو ناسیونالیزمی عەرەبی سونی و ئیسلامی شیعیە، تەوازنەکە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی رەوتێکی شیعی سەر بەئێرانەو حەلبوسی سەرۆک پەرلەمان

سیاسی دەکات بۆ مانەوەی بۆ دەورەیەکی تر وەک هێزی یەکەم لەکوردستان. ئەگەرچی ئەو هێزەی لەعێراقدا هەیبووە چۆتە دواوە، بەپێی هەلومەرجی ناوچەکە دەبێت خۆیان لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵ و یاساکانیدا سازبدەنەوە، بەڵام دەیەوێت رکەبەرەکانی لە کوردستان بەدەرەجە دوویی بهێڵێتەوە، بەڵام یەکێتی لەولاوە لەگەڵ بڕیارەکانی حکومەوتی ناوەندو دادگای باڵادایە، هەتا ئەگەر بەزیانی خۆیشی بێت، تەنها ئەوەیان بۆ گرنگە لوتی پارتی بشکێنن و وەک هێزی سەرەکی ساحەی کوردستان پاشەکشەی پێبکەن.

هەربۆیە هەڵوێستی پارتی لەبەرامبەر ئەوەی لە هەڵبژاردن بەشداری ناکات و لە حکومەتی ناوەند دەکشێتەوە، وەرقەیەکی سیاسیە بۆ جێگاوڕێگای خۆی و هیچ پەیوەندیەکی نییە بە بەرژەوەندی و ئایندەی خەڵکی کوردستان. بەپێی هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و ئەمریکاو پێویستی حکومەتی ناوەند، لەگەڵ هەڵبژاردندان، هەڵبژاردن هەر دەبێت بکرێت، بەتایبەت حکومەتی ئێستای کوردستان کار بەرێکەرەو دەبوایە زووتر هەڵبژاردنی بکردایە، بۆ شەرعیەتدانەوە بەدەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەمجارە لەژێر چاودێری زیاتری حکومەتی ناوەند، بۆیە بۆ ناوەندو تورکیاو ئەمریکا بەشداری پارتی گرنگە، لەحاڵەتی بەشدارینەکردنیدا کۆسپ دەخاتە بەردەمی هەڵبژاردن و گرژی و ئاڵۆزی زیاتر لەپرۆسەی سیاسی کوردستان دروستدەکات. بۆیە بەهەموولایەکیان دەستدەبەن بۆ تەوافقێک بۆ بەهەندێ

**پارتی دەزانێت، بەدوای سەپاندنی یاسای نەوت و گازو لێسەندنەوەی کورسی کۆتاکان و چەند بازنەیی لە دەسەڵاتی پارتی کەمدەبێتەووە لە هەڵبژاردندا ئەو جێگاوڕێگایەی نابێت، بۆیە گەمەیەکی سیاسی دەکات بۆ مانەوەی بۆ دەورەیەکی تر وەك هێزی یەکەم لەکوردستان. ئەگەرچی ئەو هێزەی لەعێراقدا هەیبووە چۆتە دواوە، بەپێی هەلومەرجی ناوچەکە دەبێت خۆیان لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵ و یاساکانیدا سازبدەنەوە، بەڵام دەیەوێت رکەبەرەکانی لە کوردستان بەدەرەجە دوویی بهێڵێتەوە، بەڵام یەکێتی لەولاوە لەگەڵ بڕیارەکانی حکومەوتی ناوەندو دادگای باڵادایە، هەتا ئەگەر بەزیانی خۆیشی بێت، تەنها ئەوەیان بۆ گرنگە لوتی پارتی بشکێنن و وەك هێزی سەرەکی ساحەی کوردستان پاشەکشەی پێ بکەن.....**

ناسیونالیزمی کورد و لەسەرو هەموویانەوە پارتین! کەوەک حزبی دایکی ناسیونالیزمی کورد، دەسەڵاتی رەهای هەبووە لە ناو حکومەتی هەرێم و هەتا سەنگ و قورسایی لەئاستی عێراق و ناوچەکەو لای ئەمریکاش هەبووە، بۆ بەرژەوەندیەکانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی، دەستیان بۆ هەموو پەتێکی پچڕاوو کارێک بردووە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی ژیان و ئایندەی خەڵکی کوردستانیش بێت.

ئەم بڕیارانەی حکومەتی ناوەند و دادگای فیدراڵ، هەنگاوێکە لەراستای لێسەندنەوەی لە لیستی سونەکان پۆستەکەی لێبسەننەوە. ئێستا ئیترنۆرەی ناسیونالیزمی کوردە، کە لەچەندین ساڵدا هەلومەرجەکە لەباربوو بۆ ناسیونالیزمی کوردو داسەپاندنی داواکاریەکانیان، بەڵام ئێستا ئیتر باڵی زاڵی حکومەتی تەوافق کە شیعەکانە لێیان دەسەننەوە.

پارتی دەزانێت، بەدوای سەپاندنی یاسای نەوت و گازو لێسەندنەوەی کورسی کۆتاکان و چەند بازنەیی لە دەسەڵاتی پارتی کەمدەبێتەوەو لە هەڵبژاردندا ئەو جێگاوڕێگایەی نابێت، بۆیە گەمەیەکی

لەوخاڵانە، پارتیش خۆی خەریکی ئەم یاریەیە، بۆئەوەی پارتی بەشداری هەڵبژاردن بکات و ئێستاش سەرەتای ئەم بەشداریەی پارتی لە بەڵێنەکانی سودانی و گڵۆپی سەوزی ئەمریکا، بارزانی و کۆبوونەوەی وەزارەتەکەی بە بەڵێنی دابەشکردنی زەوی و داشکانی پارەی ئاوو کارەباو ڕێگاوبان، هەم نەرمی زیاتر بەرامبەر حکومەتی ناوەندو هەم پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکەی بۆ چەواشەکاری خەڵکی کوردستان دەستپێکردوە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەووە ڕوتە سیاسی و فکری حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن.

بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# بۆپێشەوە بوو بە هەشت ساڵ!

ئەمڕۆ بۆپێشەوە پێ دەنێتە هەشتەمین ساڵی بەردەوام بوونی. لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، بۆپێشەوە وەکو سەکۆیەکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز لەمەیداندا بووە.

بۆپێشەوە لەناو دەیان و سەدان کەناڵی بیستراو بینراو چاپکراوی حزبی و ناحزبیدا، ئەهلی و شەخسیدا، هەمە چەشنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، تاکە بڵاوکراوەیەی چەپ و کۆمۆنیستییە کە بەشێوەی رێک و پێک و لەکاتی خۆیدا، بە فۆرم و ناوەرۆکێکی تەواو جیاوازەوە دەرچووە.

بۆپێشەوە لە کاتێکدا لەسەر گەیاندنی پەیامی کۆمۆنیستی و ئینسانی و ئازادیخوازنەی خۆی بەردەوامە، کە میدیای هەزار سەری ژەهر هەڵگرتوی بۆرژوازی رەوتەکانیان، لەداهاتی خەڵکی کوردستان و لەموچەی کرێکاران و کارمەندان، کۆمەڵگە ژەهر باران دەکەن. راستیە واقعیەکانی کۆمەڵگە دەشارنەوە، حاشا لە ململانێی چینایەتی دەکەن، بڵندگۆی هەموو کەسافەتێکی قەومی و دینی و مەزهەبی و فاشیستی و راسیستین، دەنگی هەموو رەوتە هەمەرەنگە سیاسی و دزە حیرفەیەکانن، سەکۆی درۆسازی و پەرەپۆشکردنی راستییەکان و مەینەتەکانی چینی کرێکار و بێبەشانن، مینبەری بێئیرادەکردنی ئینسان و بەرەوا نیشاندانی واقعیەتە تاڵەکانی کۆمەڵگەن.

لە باشترین حاڵەتدا میدیای سیبەر و بەناو ئەهلی لەپاڵ هەندێک دەنگی چەورکراوی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەدا، جارجار بوڵە بوڵ و رەخنەی روکەش ئاراستەی هەلومەرجی باو و دەسەڵاتی رەشی حزبەکانی دەسەڵات دەکەن، ئامانجی ئەو تیپەش ئەوەیە تا ناوەرۆکی بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی بشارنەوەو لەو رێگایەشەوە خۆیان بە تورەیی و نارەزایەتی جەماوەریدا هەڵبواسن.

لەنێو سەدان میدیای هەمە رەنگدا، ئەگەر کۆبونەوەو نارەزایەتییەکی کرێکاری بە ناچاری و کەم کورییەوە بگوازنەوە، بەڵام باسێک لە مەینەتەکانی چینی کرێکار و هۆکارو ریشەی بێمافیەکانیان نابینرێت. ئەگەر بوڵە بوڵ و رەخنەیەک لە سیستەمی سیاسی و حزبەکانی دەسەڵات و کارنامەکانیان بگرن، بەڵام ئەو بزوتنەوەیەی لانەی پێگرتن و ژینگەی ئەم حزب و کارنامەکانیانە، بە پیرۆز رادەگرن. ئەگەر رەخنەو تورەیەکیان لە فتوای مەلایەک هەبێت و رەخنەی بکەن، بەڵام رەخنەیان لە کۆنەپەرستی نییە. لەگەڵ رەخنە لە مەلاو دیاردەیەکی دینیشدا، جنێوێک و بوختان و تەوهینێک بەمارکس و کۆمۆنیزمیش دەکەن تادڵی خێڵی مەلاو ئیسلامی سیاسی رابگرن. ئەگەر هەواڵی کوژرانی ژنێک، یان خۆکوژیەکانیان و تەنانەت گۆرە بێ ناونیشانەکانیان نیشان بدەن، بەڵام ئامادەنین هۆکاری پشتی ئەم قەسابخانەیە رابگەیەنن، ئامادەنین بەرگرییەکی شەرمنۆکانەش لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بکەن. باسی لاوان و بێ ئومێدیان دەکەنە مانشێت، بێ ئەوەی ریشەی ئیرادە وردکردن و بێ ئومێدکردنیان بخەنە روو. باسی گەندەڵی و ناشەفافی دەکەن، کەچی خۆیان لەناو گەندەڵستانی دزی وتاڵانچیدا، نوقمن. باسی نۆکەر پیشەیی حزبەکان دەکەن، بێ ئەوەی رەخنەیەک لە عادەت پیشەیی ئەو خۆشخزمەتییە بگرن.

بۆپێشەوە بە توانایەکی کەم و بەهەوڵی خۆبەخشانەی ژمارەیەک ئینسانی کۆمۆنیست و هاوکاری بێدریغ، لەناو ئەو هەموو میدیا هەمەچەشنەی بۆرژوازی و رەوتەکانیدا، ئەرکی وەڵامدانەوە بە ماشینی تەبلیغاتی بۆرژوازی و هاوکاتیش رۆڵگێرانی بەوێنەی بڵندگۆی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزم و نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری، لە ئەستۆ گرتووە.

دەتوانین بڵێین بۆپێشەوە، سەکۆی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزم و نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەرییە، کە نەبوتە پاشکۆی روداوەکان و رۆڵی چاودێری سیاسی ناگێرێت. رەوتی کارکردنی ئاکسیۆنی و خۆبەخۆ و بێ نەخشە نییە، بڕوای بە کاری رێکخراو و ئامانجدارانەیە. سایت و میدیایەک نییە چاوەروانی ئەوە بێت ئەو بابەت و راپۆرت و هەواڵانە بڵاوبکاتەوە کە بۆی دێت، بەڵکو خۆی ئاراستەی بابەت و راپۆرت و خەتەکەی دیاری دەکات و ستافەکەی لەکاتی خۆیدا لەسەر هەر مەسەلەو بابەت و کێشە و دۆسیەیەکی دیاریکراو، لە روانگەی بەشی پیشرەوی چینی کرێکار و ئینسان دۆستیەوە، رەخنە دەگرێت و هاوکات بەدیل دەخاتە روو. هەواڵنێری ناکات و پشتی هەواڵەکان و لایەنی شاراوەیان دەخاتە روو. ئەمەش ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆپێشەوە لە هەموو میدیاکانی تری بیستراو بینراو نووسراوی تر جیا دەکاتەوە. ئەو لەکاتی خۆیدا هاتنە دەنگ و ئامادەییەی بۆ وەڵامدانەوە بە گرفت و کێشە سەرەکی و گەرمەکان و خستنە رووی ئەڵتەرناتیفی دیاریکراو لە جێگای درێژ دادری گشتی و مامەڵەی ئاکسیۆنیستی میدیایی، جیاوازییەکی سەرەکیەتی لەگەڵ ئەو میدیاو کەناڵە چەپانەش کە ئامادەییان هەیە.

بۆپێشەوە لەرێگای سەر وتارو وتارو دوا وتەیەوە، لەسەر گرنگترین مەسەلە و گرفتە سیاسی گەرمەکان لەروانگەی چەپ و کۆمۆنیزم، دیتە قسە. لە رێگای دۆسیەکانیەوە، فایلە سیاسیەکان و روداوەکان، لێکدەداتەوە و ریزیکی بەرین لە قەڵەمی چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆست، دەدوێنێت. لە رێگای تەوەرەکانیەوە، دیدو روانینی راشکاوی خۆی بۆ پرسە گەرمەکان دەخاتە روو. زوڵم و بێمافی ژنان، هۆکاری نابەرابەری هەڵاواردنیان، وە رێگای وەدەستهێنانی ئازادی و مافەکان و کۆتاییهێنانی یەکجاری بەستەم کێشی سەر ژنان دەخاتە روو. وە لەرێگای وەرگێرانەوە دەیان بابەتی رابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریی لە بۆپێشەوەدا بڵاوبۆتەوە. لە رێگای گۆشەی ئەدەب و هونەرەوە، پەیامی هونەریکی ئینساندۆست و ژین دۆست و بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەکان، دەخاتە روو.

بۆپێشەوە لە حەوت ساڵی رابردوودا، پابەند بە خەتی راگەیاندراوی خۆی و مەوازینی تایبەت بەخۆی بووە... پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەیان لە رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆستدا رێکخستووە. لە پەیوەندی توندو تۆڵدا بووە لەگەڵ دەیان کەسایەتی سیاسی بەرجەستە بۆ قسەکردن لەسەر دۆسیە و تەوەرە تایبەتیەکان. هێڵی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، نوینەرایەتی کراوە و دەیان ژن و پیاوی تێکۆشەری ریزی یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان وپیاوان بۆپێشەوەیان وەکو سەکۆیەکی بەرگری لە مافەکانی ژنان و ئازادییەکانیان بەدەستەوە گرتووە. دەیان هونەرمەندی دەست رەنگین لە رێگای بەرهەمە هونەریەکانیانەوە، بەشداریان لە بۆپێشەوەدا کردووە و غەم و گرفتەکانیان، لە رێگای شیعر، لێکدانەوە بۆ تێکستەکان و کەسایەتییەکان کردووە. بە کورتە چیرۆک و بە هونەری کاریکاتێری ئاست باڵا، واقعیەتی دنیای نابەرابەر و زوڵمستانی دەسەڵاتیان خستۆتە روو... لە رێگای گۆشەی پرسی رۆژەوە، پرسی زۆر گەرمی رۆژ، لەلایەن کەسایەتی شارەزای بوارەکەوە، تاوتوێ کراوە.

ئێستا بۆپێشەوە بە هەوڵ و ماندووبوونی ستافێکی کەم و خۆبەخش، هاوکارانێکی ماندووننەناس، تا رادەیەک پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵ کۆمەڵگەو دەیان هەزار خوێنەردا دروستکردووە. خەت و روئیایی بۆ هەموو کەس و لایەن و گروپێک رۆشنە. بە سوکە نیگایەک لە مانشێت و سەرخەتی بابەتەکانی، جیاوازی ریشەیی لەگەڵ میدیاکانی ترو پەیامی روون و راشکاوی دەبینرێت.

بۆپێشەوە بۆ بەردەوام بوون و بەرەوپیشەوەچوونی زۆرتر و زۆرتری، بۆ پرکردنەوەی لاوازییەکانی، پێویستی بە قەڵەمی تیژی کۆمۆنیستی، ماکسیمالیست، رۆشن و بەشداری فراوانتری قەڵەمی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست هەیە. هیواداریین لەدەستپێکی هەشتەمین ساڵییدا، ژمارەیەکی زۆرتر لەگەڵمان بێن و بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن، کەموکورییەکانی چ لەباری ناوەرۆک و چ لەباری فۆرم و مۆنتاژەوە پر بکەنەوە، گۆشەی تری بۆ زیاد بکەن... وە بەدەستیەوە بگرن.

بۆپێشەوە سەکۆیەکی گێرانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان، بڵندگۆیەکی سازدانی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە، مینبەرێکی شۆرشی کرێکارییە لە کوردستان. با ئێمە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەدەستیەوە بگرین و لەو رێگایەشەوە میدیای چەپ و کۆمۆنیستی بکەینە چرا و قیبلەنومای رۆشنکردنەوەی ئایندەیەکی گەشاوە و چوارچێوەیەکیش بۆ رێکخستن وسازدانی شۆرشی بێبەشان...

**سەرنووسەر**




گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# دراما ومێلۆدراما
# جیاوازی سەرەکی – لە نێوان (دراما) و (مێلۆدراما) دا.

نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف

بەشی دووەم

لە باسی پێشوتردا باسمان لە جیاوازی نێوان دوو بابەت کرد کە جیاکردنەوەیەک بوو لە نێوان دراماو مێلودرامادا، هەڵبەت بەپێی بۆچۆن و ڕەئی جیاوازە زۆرەن کە لە نێوان ئەم دوو بەشەدرامییەدا کە هەردوو سەربە بەشێکن لە نووسینی درامایدا لە ڕووی کاری هونەرییەوە، لە کاری نواندنی شانۆوە تا وەک کارێکی درامایی بۆ سەر شاشەی تەلەفزیونی و بەر دیدی بینەر، بەڵام لێرەدا هەر وەک پێویستییەک کە دەکرێ بوترێت جیاوازییەکان چین و چۆن لە یەکتری جیابکرێنەوە بە پێی خسوسییەتی نواندن و کارئەکتەری ناو کارە هونەرییەکە .

وەک وتمان : کە دراما و میلۆدراما دوو جۆر لە بەرهەمی هونەرین کە (چیرۆکێک) دەگێڕنەوە و وە هەردوو هەست و سۆز دەردەبڕن. بەڵام، هەندێک جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە.

**دراما:**

دراما تیشک دەخاتە سەر دەربڕینی ململانێی کەسی و کۆمەڵایەتی و کێشەکان بە گشتی. ڕەنگە تەوەری هەندێ لە دراما لە شەڕ و تاوانەوە بگرە تا پەیوەندی سۆزداری و پەیوەندی خێزانیدا بوونی بەدیار بکەوێت و ئەو باس و خواستانە بهوروژێنێت کە بە گشتی لەکۆمەڵگەدا بوونی هەیە و پێوەی دەناڵێنێت، لە هەمان کاتدا (دراما)، بەزۆری بۆ دەربڕینی چیرۆکی واقیعی و خەیاڵی بەکاردێت و لەسەر بنەمای دەقی نووسراوی وەک شانۆنامە و ڕۆمان بەرهەم دەهێنرێن .

میلۆدراما:

لە میلۆدرامادا تیشک دەخاتە سەر بەرزکردنەوەی هەست و هەستی ناوەوەی کارەکتەرەکان واتە کاری ئەکتەر ئەو ڕۆڵ و نواندنە و گەیاندنی بە بینەر دەگەیەنێت ڕەنگە کارێکی تاکە کەسیبێت بۆ گەیاندن بە بیرۆکەی بۆ بەر دیدگای بینەران .

هەروەها: مێلۆدراما، بەزۆری توخمە (کاریگەرەکان) و دیمەنی (سۆزداری)، لەخۆدەگرێت...

وەک لەپێشتردا باسمانکرد کە

**مۆنۆدراما:**

جۆرێکە لە (شانۆ )، کە تیایدا ئەکتەرێک ڕۆڵی کارەکتەری جیاواز لە چیرۆکێکدا دەگێڕێت. ئەکتەر بە تەنیا قسە دەکات و هەموو (دیالۆگ) و (جوڵەکان) لەسەر شانۆ ئەنجام دەدات. ئەم جۆرو نمایشی فۆرمە پشت بە توانای ئەکتەر دەبەستێت بۆ پێشکەشکردن و جیاکردنەوەی چەندین کارەکتەر، بە بەکارهێنانی گۆڕانکاری لە (دەنگ) و (جەستە) و (دەربڕینی دەموچاو) چونکە ئەم گرنگییانە بنەمایەکن بۆ جۆری نمایشتە مۆنۆیی دراماکە. هەروەها: مۆنۆدراما تەحەدایەکی گەورەیە بۆ ئەکتەر و پێویستی بە لێهاتوویی بەرزی نواندن هەیە.

وەک وتمان هونەری مۆنودراما جۆرێکە لە هونەرە شانۆییەکان، کە پشت بە (تاکە کەسێک)، دەبەستێت کە لە ڕێگەی قسەکردن و جووڵانەوە چیرۆکێک وێنا دەکات.

لە کاتێکدا (دراما ) بە شێوەیەکی بەرفراوانتر وەک جۆرێک لە هونەری شانۆیی پێناسە دەکرێت کە تێیدا چیرۆکێکی (دراماتیک)، نمایش دەکرێت کە کارەکتەرەکان" لە ڕێگەی (دیالۆگ، جوڵە، سەما، گۆرانی)، یان هەر ئامرازێکی ترەوە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن.

لە ناودراما، دەتوانێت بێ دیالۆگ بێت، وەک شانۆی بێدەنگ و دەتوانێت تەکنیکەکانی وەک (ڤیدیۆ و ئیفێکت)ی تایبەت بەکاربهێنێت.

وەک لە پێشتردا باسمکرد کە لە هونەری نووسین و نواندن و کارئەکتەر لە مۆنۆدراما ئەویش کە جۆرێکە لە ئەدەبیات، کە بە (چیرۆکێک)ی ئەدەبی یان (شانۆگەرییەک)، نوێنەرایەتی دەکرێت کە لە دەوری یەک کەسدا ناوەندەو کە ڕووداوەکان و کارلێکەکانی نێوان کارەکتەرە جیاوازەکان دەگێڕێتەوە. ئەوەی گرنگە کە تاکە کەس لە (مۆنۆدراما) دا بەزۆری گێڕەرەوە/حکایەتخوانە، وە تاکە قسەکەرە، کە لەگەڵ بینەر قسە دەکات یان دیالۆگێک لەگەڵ کارەکتەرە نەبووەکان خەیاڵ دەکات.

هەروەها... مۆنۆدراما: جۆرێکی کۆنی درامایە و دەتوانرێت لە ئەدەب و شانۆ و سینەمادا بەکاربهێنرێت.

بەهاکانی مۆنۆدراما ئەو بەهایانەن کە سەر بەو ژانرە دراماتیکییەن کە لە دەوری تاکە کارەکتەرێکدا کۆدەبێتەوە کە ڕووبەڕووی ململانێیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی دەبێتەوە. بەهاکانی مۆنۆدراما جیاوازن، بەڵام هەندێک بەها هاوبەشەکان بریتین لە ڕاستی، بوێری، قوربانیدان، خۆڕاگری، ئیرادە، گۆڕانکاری و گۆڕینی کەسی. مۆنۆدراما بە گرنگیدان بە گەشەکردن و گۆڕینی کارەکتەری سەرەکی بە درێژایی گەشتە کەسییەکەی تایبەتمەندە و بەهاکانی مۆنۆدراما زۆرجار ڕەنگدانەوەی تەحەددیاتی ژیانی ڕاستەقینە و تیشک دەخەنە سەر بەهێزی ئیرادەی مرۆڤ و توانای تێپەڕاندنی سەختییەکان.



# نووسەر و ڕۆشنبیرانی پیاو...

ئەو کەسانە نین مووی سەر و ڕیشیان شۆڕ کردۆتەوە، تەوقەیان داوە لە قژیان و وادەزانن هەرچی ژن هەیە خەو بە باوەشیانەوە دەبینێ، ئەوانە نین کە ملپێچی سوور لە مل دەکەن و بە پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژەوە فوو دەکەنە ئەندێشەیان و بەدەم کێشانی جگەرەی ئەستوورەوە خێسە لە خەڵکی دەکەن، ئەوانە نین لە چایخانە و قاوەخانەکان بەدیار لاپتۆپێکی پڕ لە فیلمی ڕووتەوە دانیشتوون و قاوەی تورکی دەخۆنەوە، گوایا خەریکی نووسین یاخود خوێندنەوەن، وەك ئەوەی... ئەوەی بەوان کراوە و ئەکرێ بە کەسانی تر ناکرێ و نەکراوە..

ئەوانە، چونکە خۆیان بە هەڵقولاوی خاك و خۆڵی نیشتمان نازانن، هیچ جۆرە هەڵوێستێکیشیان نییە لە هەمبەر بیرڕێزی کردن و نادادیەکانی ئەم دەسەڵاتە ئازاربەخشەی هەرێم، دەستیان بە گونی خۆیانەوە گرتوە ناوێرن دەنگ هەڵبڕن، چونکە بەراورد بە جیهانی خەڵکە سادەکە، خۆیان لە جیهانێکی گەورەتر و فراوانتردا دەبینن..

ئەوڕۆکە، یەك دنیا نووسەر و هونەرمەند و شاعیر و ڕۆشنبیری دابەستەمان هەیە، کەچی لە ئاستی ئەم هەموو ڕووداوە مەترسیدار و دڵپسێن و جەرگبڕەی باشور کاردانەوەیان نییە و متەقیان لێوەنایە، ئەوانەش کە قسەیان هەیە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست تێناپەڕێنن..

هاوزەمان، بەشێکی زۆر لە خوێندەوار و خوێنەرانیش دابەش بوون بەسەریاندا، تەنیا باوەڕیان بە نووسینی یەك نووسەرە، بەشێکی تریش بەسەر ڕۆشنبیرانی کارگێڕ ناوچە و نووسەرانی ئەندام کۆمیتەی حیزبەکاندا، داخی گرانیشم کە خوێنەرانی ڕاستەقینە ژمارەیان زۆر کەمە.

ئارام حەسەن

## ئاستانەی ئامێز

لە ئاستانەی ئامێزت دا کەسێکی بێ حەوسەڵە بم

حەزەکەم

بمبە بە گوڵ و لە ئینجانەی ڕۆحتدا سەوزبم

حەزدەکەم

ببم بە هەڵۆی ماچ و لەسەر لوتکەی لێوت بگیرسێمەوە

ببم بە ناونیشان و لە هەواری هۆنراوەکانت بتوێمەوە

حەزدەکەم

ببم بە پێنووس و دەفتەری بوونت پڕکەم لە وردە خەون

ببم بە حەرف و لە ئامێزی دێڕەکانت فەنابم

هاوشێوەی خودا و کەون

حەزەکەم

ببم بە ڕەنگ و بخزێمە چوارچێوەی میهرەبانیت

ببم بە ئاوی دیدە و

بڕژێمە ناو چۆمی چاوەڕوانیت

شەماڵ بارەوانی

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەكی تایبەتی بۆپێشەوەیە كە لەهەر ژمارەیەكدا بابەتێكی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێكستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەكاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەكرنی گۆشە: كاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



ڕۆژێ دادێ، دەردی بێخەویی وەها بەرۆکی دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان ئەگرێ، ڕێنمایی پزیشکانی دەروونی ئەم جیهانە چارەیان نەکا، وایان لێدێ هەتا چەند تفێ لە خۆیان نەکەن خەو نەچێتە چاوی سووریان، دەرمانی نێو دەمی خۆیشیان کە وشکی کرد، ئەوسا ڕووئەکەنە خەڵکی و "یەک تف" بە ملیۆنان دۆلار ئەکڕن!

**ئارام حەسەن**

## »ئامێر«



ئێمە لە سەردەمی ئامێرەكان دا ئەژین

لە سەردەمێك كە ئینسانەكانیش ئامێرن

هیچ چاوە ئاسمانییەكان

ئاماژەی خۆشەویستیمان

بۆ ناكەن

هیچ دەستە عیساییەكان

هیوای بەخشین و پاڕانەوەمان بۆ ناكەن

هەر بە ئامێر

چاك و خوشیمان

لەگەڵ ئەكەن

هاورێمان دەبن

لێمان جیا ئەبنە وە

جەستەی ماندوومان

دەحەسێننەوە

هەر بە ئامێر

دەمان چەوسێنەوە

نانمان دەدەنێ

نانمان دەبڕن

كارمان دەدەنێ

لە كار بێ كارمان دەكەن

وڵاتمان داگیر دەكەن

ژیانمان لێ دەسێننەوە

ئەمان كوژن و

هەر بە ئامێر

ئەمان ژێنەوە؟!؟!

**خالیدبایە زیدی**
**(دلیر)**



لە شوێنێ، ئازادی نییە

لە شوێنێ.. نان!

لێرە، لەهەرێمی درۆو

ڕاو و ڕوتا ..

لێ، هەردووكیان!!

.................................

ئازادی بێ نان، خەیاڵە..

نان بێ ئازادی، گەر هەبێ!

باجی هەڕاجی شكۆیە،

بۆیە ... تاڵە!!

.................................

زۆر شوێنم دی..

گوێم بە گوارەی

ناڵەی زۆر شوێنی تر، سمی !

لێ .. لە هیچ جێ

نە بینیم و نە ئاهێ بوو

بە میوانی ناوەختەی گوێ..

كە ماجەرای دزینی نان و ئازادی

وەك .. ئێرە ...بێ!!

**بەندی علی**




بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقیعەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی كۆمەڵگە، خەبات و تیكۆشان و خولیاكانی بۆ باشتر كردن و جوانكردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە كەمایەتیەكە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری راستەقینە دژی دۆخی باوە!



# جەنگەکان جیاوازن

نووسینی: نجم الدين فارس حسن

## بەشی دووەم

کاتێک باس لەگرنگی هوشیاری دەکرێت بۆ پرۆلیتاریا لە نیزامی سەرمایەداریدا ئەبێت ئەوەمان لە بیرنەچێت کە هووشیاری کۆمۆنیستانەی زانستیانەی پرۆلیتاریایە هەڵوێستی دروست و مێژوویی بەرجەستە دەکات بۆ نەمانی هەموو جۆرێکی چەوسانەوە، و دژ بە هەلومەرجی ماددی چەوسێنەرانەی سیستەمی سەرمایەداری جوڵەکانی ئاڕاستە دەکات. هووشیاری کۆمۆنیستانەیە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراوانەی دروست دژ بەواقعی نیزامی سەرمایەداری ئەجووڵێتەوە و گەشە بەپراکتیک و تیۆری خۆی دەکات، بۆ لەناوبردنی هەموو ئاسەوارێکی بیری کۆنەپەرستی و چەوسانەوەو کاری بە کرێ سیستەمە سیاسیەکەی.

واتا گرنگی ئەو هووشیارییە بۆ پرۆلیتاریا، لە خستنە سەر ڕێگەی گۆڕانی مێژووی مرۆڤایەتیدایە، لەناوچوونی چینەکان ئەو هووشیاریە کە ئەتوانێت ئاڕاستەیەکی دروست بدات بە ڕێگای گۆڕانی مێژوویی لەلایەن پرۆلیتاریاوە، ئەمەش تەنها لە فەلسەفەی زانستی مارکسیزم دایە، تەنها ئەو بیرو تێڕوانینەیە کە ئەتوانێت لەگۆڕنانی نیزامی سەرمایەداری بەمیتۆدێکی زانستی نیشان بە پرۆلیتاریاو مرۆڤایەتی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت ئەوە ڕوون بێت، لە هەمانکاتدا کە پرۆلیتاریا ئەگەری هەڵگرتنی هووشیاری جیاواز لەو هووشیاریەی هەیە کە ئەتوانێت گۆڕانکاری مێژوویی بەخۆیەوە بگرێت. واتا ئەبێتە ئەوەی کە هەڵگری هووشیاریەک بێت کە لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا هاوکار و هاو نەزەر بێت، واتا یەک زەڕە زیانی بۆ گیانی بۆگەنکردووی سەرمایەداری نابێت، ئەمەشیان جۆرێکی ترە لە هووشیاری بۆ پرۆلیتاریا، واتا پرۆلیتاریا هەڵگری بیری دژەکەی خۆی دەبێت سوودمەند دەبێت بۆ دژەکەی خۆی.

ئەگەر بڕیاربێت ڕودانی جەنگ بە نەبوونی هووشیارییەوە بەند بێت، ئەوا دەکەوینە ئەو هەڵەیەی کە نادیدەبین و نەتوانین درکی ڕوونمان هەبێت و ئەوە نەبینین کە سیستەمی سەرمایەداری هووشیاری سەرانی سەرمایەداری و لۆبییەکانی دامەزراوە سەربازیەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنی چەکی سەربازی تێدا جەنگە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانیەکان دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەکان کە هووشیاری سیاسیشیان نەبێت جۆرە جیاوازەکانی جەنگە هەنووکەیی و ڕۆژانەکەی پرۆلیتاریا دەبێت. بە ڵام هووشیاری بوونی سیاسیانە بۆ پرۆلیتاریا مەرجی باشترکردن و هەڵوێستگرتن و بەجێگەیاندنی ئەرکی مێژووی بۆ پرۆلیتاریا دەستەبەر دەکات. هووشیاری و خەباتی سیاسی بۆ جەنگی چینایەتی پرۆلیتاریا لەگەڵ سەرمایەداریدا، گرنگی و پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

کاتێک تێڕوانین و لێکدانەوەکان دەچێتە سەر ئەوەی کە گوایە نیزامی سەرمایەداری ممارەسەی سیاسی و ئابووری خۆی، بەپێی تەکنیک و تەکنەلۆژیا بنیات ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت هەتا تەکنیک و تەکنۆلۆجیاشی نەشبێت نیزامی سەرمایەداری بە پێویستی بەڕێوەبردنەکانی کێشمەکێش و ململانێکانی کەلەناوخۆیدا هەیە، پرۆسێسکردنێکی سیاسی و ئیستبدادی خۆی هەیە بەڕێگا و تەکنیکە جیاواز جیاوازەکانی، بۆ ژیاندنی سیستەمەکەی خۆی. واتا ئەتوانرێت پرۆسێسکردنێکی سیاسی و ئابووری لەنیزامی سەرمایەداریدا بەوەوە بەند بکرێت کە کاتێک تەکنیک و پێشکەوتن یان دواکەوتوویی لە هەموو ڕوویەکیەوە هەیە. ئەمەش و بە هەموو جۆرێک هاوسە نگە لەگەڵ گەشەی ئابووری وە یان دواکەوتوویی ئابووری. واتا لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانەدا بە وڵاتانی پێشکەوتوو پاشەکەوتووشەوە هەریەکەیان بەجۆرێک لەسەرکوتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستەمەکانیان بەڕێوەدەبەن. هەر هەمووشیان بە دەوڵەتانی پێشکەوتوو دواکەتوی لیبراڵی و عەلمانی و ئیسلامی و کریستیانی و جولەکە و بەناو سۆسیالیستی، پەیڕەویان لە سیستەمی ئابووری لیبراڵی کردووەو دەکەن. واتا سیستەمەکان بەپێی بوونی ئەو هەلومەرجەی کە لە ناوخۆی هەیەتی لەڕووی ئابووری و سیاسی و هزری و چینایەتیەوە، پرۆسێسی چەوساندنەوەی ئابووری و سیاسی و ڕەگەزی و ئاینی و مەزهەبی دەکات.

وەکو ئەوەی لە ئە وروپای پێشکەوتووی سەنعەتی و ئەفریقای دواکەوتووی سەنعەتی و دەوڵەتە ئاینی و مەزهەبیەکانی سەرئاستی جیهان هەیە. هەر جۆرێک لە جووڵانەوەیەکی سیاسیانەی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەکانیان هەبێت ئەوا بەرەنگاری بوونەوەو بەرهەڵستکاریەکانیان لەگەڵیاندا، دەوڵەت جۆری تایبەت بەخۆیەوە دەگرێتە بەر. لە ئەوروپا و ئە فریقا و ئاسیا و هەموو گێتیشدا هەمان دژە وەستان هەیە لە بەرامبەر هەر داخوازییەک کە ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی دەسەڵات و قازانجی سەرمایەداران، ئەم دژ وەستاندنانەی هەر دوولایەنی دەسەڵات و کرێکاران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە لەبەرامبەر یەکتردا، جەنگی نێوانیانە و بەردەوامی هەیە و دەبێت. ئەم جۆرە لە جەنگ، ڕەوایەتی هەیە بۆ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەکان بەرامبەر بە چەوساندنەوەو برسیکردن و بێمافی و بردنی بەهرەی هێزی کاری ئەوان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا سیستەمی سەرمایەداری تەواوی زانست و تەکنۆلۆجیای بەشداری پێنەکردووە لە بەرهەمهێنانداد، لەبەرئەوەی بتوانێت باڵانسی پەیوەندی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و بەکاربردن ڕابگرێت. ئەمەش لەبەر خاتری بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنان و قازانج دەیکات و کردوویەتی. بەڵگەی ناهاوسەنگی نێوان سەرخانی زانستی و پێشکەوتنی هزری و نێوان ژێرخانی ئابووری و پرۆسەی بەرهەمهێنان، بوونی ئەو جیاوازیەیە کە سەرخانێکی زانستی پێشکەوتوو هەیەو بەتەواوی بەشداری پێ ناکرێت لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەخاتری ئەو باڵانسەی کە باسکراوە لە پێشتردا. ئەو هۆکارانەش ڕێگەی لە ئارام بوونی سیاسەت و سیاسەتی ئابووری پێ نادات. بەردەوام لە جەنگە ڕۆژانەکانیدایە لەگەڵ چینەکانی تری خوارەوە، لە زۆرترین کاتیدا ئەم جەنگە ناوخۆییانەی دوو چینی پێکهێنەری کۆمەڵگەی دەوڵەتەکان سیستەمی سیاسی و دەسەڵات دەیگوێزنەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و دەیکەن بەجەنگی خاک و هەژموون و ئاین و مەزهەب و داگیرکاری و نیشتمانی و نەتەوەیی، لەپێناوی کپکردنی کێشە بنەڕەتە کۆمەڵایەتیە ئابووریەکەی نێوان چینەکان. چوونکە بە هۆی هەموو ئەو کاریگەریە و کێشانەی کە نیزامی سەرمایەداری لە ژێرخانەکەی و سەرخانەکەیە وە هەیەتی تەنگژەی سیاسی و ئابووری لەگە ڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. ڕووبەڕووی زۆر کێشە و گۆڕینی شکڵی سیاسەت و ئابووریەکەشی ئەبێتەوە. هەموو ئەو هۆکارانەی لە پێشتردا باسمان کرد، و جموجۆڵی ناو هەناوی سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی ڕێگە بە ئارامی ئابووری و سیاسی نیزامی سەرمایەداری نادات. خاڵێک کە زۆر گرنگە لە پێشکەوتنی یان دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی جیهانی ، لەلایەن دەوڵەتە گەورە ئیمپریالیستە کانەوە، ئەویش گۆڕینی پرۆسەی چەندایەتی بەرهەمهێنان بۆ پرۆسیسی چۆنایەتی بەرهەمهێنان بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕووی چەندایەتیەوە بەرهەم زیاتر بە رهەم بهێنێت و زیاتر کەلوپەلەکانی لە بازاڕی جیهانیدا ساغ بکاتەوە. گۆڕینی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی لەبەرهەم هێناندا بۆ ئەوەیە کە بتوانێت چەندایەتیەکی زیاتر لە بازاڕی جیهانیدا لە کەلوپەلەکانی ساغ بکاتەوە، و پرۆسەی بەدەستهێنانی قازانج بەردەوامی پێبدات. کەواتە نابێت ئێمە ئەوانە بە مجەرەدی ببینین لە کرداری بەرهەمهێناندا، ئەگەر گۆڕانەکان تەنها لەچەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتی ببوایە و هیچی تر ئەوا چەندایەتی لەبەرهەم هێناندا زیادی نەدەکرد. واتا ئەگەر بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، یان جلو بەرگ بە نموونە بهێنینەوە کە هەر ساڵە و جۆرێک لە مۆدێلی نوێ بەرهەم دەهێنرێت، ئەبوایە چەندایەتیەکە کەمی بکردایە لەبەرهەمهێناندا لەگەڵ ئەوەشدا چەندایەتیەکە زیادی کردووە، بەهۆی بەکارهێنانی چۆنایەتیەکی نوێوە، واتا داواکاری لەسەر زیاد دەکات و زیاتر لە بازاڕدا بەکاردەبرێت. هەموو ئەو جەنگانەی کە لە بەرهەمهێنانەوە بەرپا دەبن، بە بەردەوامی دەبێتە هۆی جەنگ لەنێوان چینی بەرهەمهێن و خاوەن سەرمایە. لەبەرئەوەی چینی بەرهەمهێن بەتەواوی و بەپێی بەدەستهاتووەکانی سەردەمەکەی خۆی کە خۆی بەرهەمی هێناوە، دەستی ڕاناگات بەهەموو بەدەستهاتووەکان و پیویستیەکانی سەردەمەکەی، ئەمەش نامۆبوونی بۆ بەرهەمەکانی خۆی بۆ دروست دەکات.

**درێژەی هەیە**

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی-کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەندارێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

***********



# یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە: دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{١}

## بەشی دووەم

دەخاڵەتگەریی چالاکانەی مارکسیزم لە مەیدانی سیاسەتدا و هەروەها لێکهەڵپێکانی "ڕەخنەی کۆمەڵایەتی" و "تیۆری شۆڕش" لە پەیکەرەی مارکسیزمدا، لەو شوێنەوە گرێ دەخۆن کە دەستەواژەی "پراتیکی شۆڕشگێڕانە" لەنێوەندی تێڕوانین و بیرکردنەوەی فەلسەفیی مارکسیزمدا جێگا دەگرێ. "ماتەریالیزمی پراتیک" دروستترین و وردترین ناوێکە کە تایبەتمەندی بە تێڕوانین و ڕەخنەگریی مارکسیزم بەخشیوە.

بەم شێوەیە ڕۆشن دەبێ کە میتۆدۆلۆژیی مارکس شتێکی زیاترە لە میتۆدۆلۆژیی ڕەخنەی تیۆری ئەو لە بواری ئابووریی سیاسیدا. تەنانەت ئەم میتۆدۆلۆژییە بەر لە ڕەخنەی ئەو لە ئابووریی سیاسی، لە بنەڕەتەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەخنە لە ئاستێکی تەجریدیتردا، یانی لە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە بەدەست هاتووە و خراوەتە ڕوو. هێنانەخوارەوەی میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم بۆ سەر ئاستی میتۆدۆلۆژیی شیکاری و ڕەخنەگرتن لە ئابووریی سیاسی و لەوەش کەمتر بۆ سەر ئاستی ڕەوشێکی دیاری کراو بۆ پێناسەکردنی "شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری" لە ئەنجامدا، کەمکردنەوەی یەک گشتی کۆ و شامیلە بۆ ئاستی یەک بەشی دیاریکراو، لە یەکێک لەو مەیدانە شمولییەدا کە بەکار براوە. ئەم کەمکردنەوەگەراییەش ڕەنگدانەوەیەکی ترە لەو مەیلە هەمیشەییەی ئەکادیمیایی بۆرژوازی کە دەیەوێت مارکسی شۆڕشگێڕ بگۆڕێت بە یەک ئابووریزان. دواتر دەبینین کە چۆن لێنین جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ مەنشەڤیکەکاندا، لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ هەمان ماتەریالیزمی پراتیک (و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر بە گەڕانەوەی بۆ "تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ")، ڕۆشن دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بە پێناسەکانی مارکس لە مەیدانی ڕەخنە لە ئابووریی سیاسیدا دابێت.

کەوایە ئەو خاڵەی کە لە هەر جۆرە هەڵسەنگاندنێکی میتۆدۆلۆژیی مارکسیزمدا (میتدۆلۆژیی لێنین)، دەبێ بهێنرێتەوە یاد، ئەوەیە کە ئەم میتۆدۆلۆژییە ڕەوشێکی ڕووتی بیرکردنەوە و شیکارکردن نییە، بەڵکوو یەک ڕەوشی پراتیکییە(بە مانا فراوانە چینایەتییەکەی)، یانی ڕەوشی پراتیکی شۆڕشگێڕانە و ئاڵوگۆڕبەخشە. بە زۆری لێرە و لەوێ دەیخوێنینەوە کە تایبەتمەندی و خاسیەتی دیارکراوی میتۆدۆلۆژیی لێنین بریتییە لە "شیکردنەوەی تایبەت بۆ هەلومەرجی تایبەت". ئەمە بە زمانێکی تر هەر ئەو شتەیە کە یەکێتیی کۆمۆنیستی دەری دەبڕێ، لێنین بە مەبەستی خستنە ڕووی ستراتیژی شۆڕش، ئابووریی ڕووسیای بە شێوەیەکی دیارکراو شی کردۆتەوە. بێگومان "شیکردنەوەی تایبەت بۆ هەلومەرجی تایبەت" جێگای خۆی لە هەر شیکردنەوەیەکی مارکسیستیدا هەیە.

بەڵام ئەمە نە تایبەتمەندیی مارکسیزمە و نە لە بنەڕەتەوە بە مەسەلەی میتۆدۆلۆژییەوە گرێ دەخوا. چونکە بە شێوەیەکی ئوسووڵی پرسیار ئەوەیە کە مارکسیزم بە گشتی و لێنین بە تایبەتی بە کام میتۆدۆلۆژییەوە، دەچێتە سۆراغی "هەلومەرجی تایبەت"ەوە. یەکێتیی کۆمۆنیستیش "هەلومەرجی تایبەت" بە شێوەی "تایبەت" شی دەکاتەوە، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە بە میتۆدۆلۆژی دیترمینیستی و ئولۆسیۆنیستییەوە شکڵ دەگرێ. ئامانجی ئەم شیکردنەوەیە ئەوەیە کە بزانرێ "کام چینانە لە باری مێژووییەوە گرنگی زیاتریان هەیە"، "ئابووری" چ حوکمێک لە بارەی "خەسڵەتی شۆڕش"ەوە دەردەکات و ئەمەی دووەمیشیان چۆن ڕۆڵی چینە "ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکان" لە هەستان بەکاری ڕابەریدا ڕۆشن دەکاتەوە. وە یان ئەوەی کە کام چینە دەبێ "ڕۆڵی مێژوویی" خۆی بگێڕێ. شیکردنەوەی تایبەت بۆ بیستنی پەیامی ئابوورییەکی "تایبەت"، ئەویش دیسانەوە شیکردنەوەیەکی تایبەتە بۆ هەلومەرجێکی تایبەت بەبێ ئەوەی شیکردنەوەیەکی مارکسیستانە بێت. شیکردنەوەی لێنین بۆ هەلومەرجی ڕووسیا پێشەکییەکە بۆ نیشاندانی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی ڕووسیادا. چینێک کە بوونی ئەو و پێویستیی ڕابەریکردنی ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییەکانی سەدەی بیستەم لە لایەن ئەم چینەوە، بەر لە هەر لێکدانەوەیەکی تایبەتیی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیا، مەسەلەیەکە کە بۆ لێنین بە فەرز گیراوە و بڕاوەیە. لێنین نە لە "پەرەسەندنی ڕووسیا"وە و تەنانەت نە لە "شۆڕشی ڕووسیاوە"، بەڵکوو لە سەنگەری پرۆلیتاریاوە دەستپێ دەکات و دەبزوێ، چونکە ئەو بیریار و سیاسەتمەدار و ڕابەری بەکردەوەی هەر ئەم چینەیە. بەم پێیەش ئەوە یەکێتیی کۆمۆنستییە کە هەر لە سەرەتاوە پێی ناوەتە ڕێگایەکی هەڵە و بێئاکامەوە، کاتێک لە زمانی لێنینەوە ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو کە دەڵێت:

"لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیادا کام چینە لە باری مێژووییەوە گرنگی زۆرتری هەیە و کام چینە دەتوانێ ڕۆڵی ڕابەری لە شۆڕشی ڕووسیادا لە ئەستۆ بگرێ؟"

ئەم پرسیارە نەک هەرگیز خاڵی لێوە هەستانی لێنین نەبووە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر میتۆدۆلۆژییەکدایە کە ئەو هەیەتی. ئەمە پرسیار و خاڵی لێوەهەستان و بناغەی بەڵگەهێنانەوەکانی مەنشەڤیکەکانە و هەر ئەو وەڵامەشیان لێ گرتووە کە پراتیکی سازشکارانە و پاشکەوتووییان بۆ بۆرژوازی هەبێ، چونکە ئەم چینە "لە باری مێژووییەوە گرنگی لە پێشتری" هەیە. تازە ئەگەر وای دابنێین کە لێنین بە واقیعی لەم شێوە پرسیارە مێژوونوسییەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام دیسانەوە وەڵامی ئەو بەو پرسیارە، یانی ئەوەی کە دەرخستنی ناسنامەی چینێکی"لە بارەی مێژووەوە گرنگ" لە ڕووسیادا، نابێ بەوەی کە لێنین وەڵامی خۆی لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە ئابووری و چینایەتییەکانی ڕووسیاوە، بداتەوە. لێنین وەک هەر کرێکارێکی شۆڕشگێڕ و هۆشیار بە بەرژەوەندیی چینایەتی، وەک هەر کۆمۆنیستێکی جیددیی مانیفێستی کۆمۆنیست، ئەو شوێنەیە کە چینی کرێکار تێیدا بە سەلماوترین شێوە و لەوانەش بۆ بەهۆشهێنانەوەی هەر مێژووپەرستێکی مەلایانەی وەک یەکێتیی کۆمۆنیستی کە بەشوێن وردەوشەوەیە، ڕایگەیاندووە کە خودی چینی کرێکار "لە باری مێژووییەوە گرنگیی زیاتری هەیە". خودی وجودی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسیا و بەشداریی لێنین لەم بزووتنەوەیەدا، بە مانای ئەوەیە کە نە تەنها هەر لە سەرەتاوە بڕیاری خۆی دەربارەی وەڵامدانەوە بەم پرسیارە داوە، بەڵکوو لێنین خۆی بە بەشێک لەم چینە دەزانێ "کە لە باری مێژووییەوە" گرنگە. بۆ لێنین وەک هەر کۆمۆنیستێک کە مارکسیزم دەرمانێک نییە بۆ توندوتیژکردنەوە و "ڕادیکاڵکردنەوەی ئۆمانیزم و ناسیۆنالیزمەکەی، پرۆلیتاریا چ لە باری مێژووییەوە بێت و "چ نەبێت" گرنگیی زیاتری هەیە. لێنین چاودێر و ڕاڤەکەری شۆڕش نییە، بەڵکە ئەو یەکێک لە بەشدارانی شۆڕشە، نەک هەر ئەمەش تەنانەت ئەو ڕێکخەری شۆڕشی چینێکی دیاریکراوە. بەم حاڵەوە ئەگەر کەسێک لێی بپرسێت "لە باری مێژووییەوە چ چینێک گرنگی هەیە" و "چ کەسێک پێویستە ڕابەری شۆڕش لە ڕووسیادا بگرێتە ئەستۆ"، ئەو لە وەڵامدا لە ئامارە کشتوکاڵییەکانی ڕووسیاوە وەڵام ناداتەوە، بەڵکوو لە مانیفێستی کۆمۆنیستەوە بەڵگە دێنێتەوە. (ئێستا لەوە دەگوزەرێین کە تەنانەت یەک ڕاڤەکاری ئابووریگەرای تێگەیشتووتر لە یەکێتیی کۆمۆنیستی کە هەم گرنگیی "مێژوویی"ی چینەکان لە ڕووسیا لە ئابووریی ڕووتی‌خودی ئەم وڵاتەوە بەرئەنجام وەرناگرێ. ئایا لە وڵاتی - نیپاڵ-یش پێویستە دیسانەوە بۆ ئەوە بڕوانین کە چ چینێک لە باری مێژووییەوە گرنگی هەیە!؟) لێنین خۆی بەشێک لە توخمی چالاکی شۆڕشێکە کە زۆر لە مێژە شەیپووری خۆی لە ئاست جیهاندا لێداوە. کاری ئەو هەڵسەنگاندنەوەی سەرلەنوێی "گرنگیی مێژوویی" چینەکەی خۆی نییە، بەڵکوو دەستبەکاربوونییەتی بۆ بەسەرکەوتنگەیاندنی ئەم چینە لە یەکێک لە مەیدانەکانی مەوجودییەت و خەباتەکەیدا، یانی لە ڕووسیا. بەم پێیە یەکێتیی کۆمۆنیستی بە خستنەڕووی پرسیارێکی ئاوا لەم شێوەیەیدا، هەر لە سەرەتاوە میتۆدۆلۆژیی لێنین ئاوەژوو دەکاتەوە. بەتایبەتی کە لێنین وجودی خۆی و چینەکەی و ئامانجەکانی لەپێشەوە بە فەرز وەرگرتووە. شیکردنەوەی مارکسییانەی ئەو بۆ کۆمەڵگای ڕووسیا بڕیارە ئەوەی پێ نیشان بدات کە کام پراتیکی دیاریکراوی سیاسی ئەتوانێ تواناکانی پرۆلیتاریا بسازێنێ بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکدا کە هەیە، ڕۆڵی ئاڵوگۆڕبەخشترین و کارسازترینی خۆی لە ڕاستای بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و(ڕزگاریی کۆمەڵگاش)دا بگێڕێ. بۆ لێنین هەرگیز پرسیار ئەوە نییە کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی "کام چینە لە باری مێژووییەوە گرنگیی زیاتری هەیە" بەڵکوو ئەوەی بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە کە چینەکەی، چینێک کە لە باری مێژووییەوە بەپێی پێناسە بۆی "گرنگ"ە، یانی کرێکار، لە ڕێگای کام پراتیکی سیاسی و خەباتکارانەوە دەتوانێ، لە کۆمەڵگای قەیرانگرتووی ڕووسیای ساڵی ١٩٠٥دا ببێتە ڕابەری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە. بەم جۆرەش خاڵی لێوەهەستانی لێنین، پێویستی بە بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی پرۆلیتاریایە، بە خێراترین و کەمدەردیسەرترین و کۆترین شێوەی لە توانابوویدا. ئەم خاڵی لێوە هەستانەش نە لە فۆرمیلاسیۆنە ئابوورییەکانی ڕووسیاوە و نە لە هیچ لایەنێکی ترەوە، بەرئەنجام ناگیرێ. بەڵکوو ئەمە بەشێکە لە پێناسەی "لێنینیبوون" و "کۆمۆنیستبوون" و "کرێکاری هۆشیاربوون". (ئەمەش ئەنجامێکی سروشتیی بیرکردنەوەیە کە پێی وایە پراکتیکی ئینسانی دیاردەیەکی واقیعی و بابەتییە و لە بیرکردنەوە و جێگای کۆمەڵایەتی دانابڕێت). کۆمەڵگای ڕووسیا، ئەو هەلومەرجە بابەتییەیە کە دەبێ ئەم خەباتە پرۆلیتێرییە تێیدا ئەنجام بدرێت. ئەمە کۆمەڵگایەکە کە کۆمەڵێک ڕێگا و بەربەست، کۆمەڵێک توانا و ناتەواوی و هۆکاری هێورکردنەوە و یاریدەدەر دەخاتە بەردەم توخمی چالاکی شۆڕشی پرۆلیتێریی ڕووسیاوە. خودی ئەم کۆمەڵگایە بڕیار نییە ڕابەریکردنی شۆڕش بە لێنین بناسێنێ، بەڵکوو بار و دۆخێکی بابەتی و تایبەتە کە لێنین لە دەروازەی بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراوەوە، تێیدا نەک هەر خوازیاری شۆڕشە، بەڵکوو دەزانێت کە بەبێ دەخاڵەتکردنی ئەو وەک ڕابەرێک لە شۆڕشدا، هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە جێگای مەبەستن لەگەڵیانبەرەوڕووە لە گشتییەتی خۆیدا ڕوو نادەن. ئەم بار و دۆخ و هەلومەرجانە دەبێ بە قازانجی چینی کرێکار بگۆڕدرێن، بەڵام ماتەریاڵ و بەرژەوەندی لە ئاڵوگۆڕەکاندا دیسانەوە دەبێ لە خودی هەر ئەم کۆمەڵگایەدا بەدەستەوە بگیرێت. "ئینسانەکان دروستکەری مێژووی خۆیانن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە خۆیان دیارییان نەکردووە". لێنین ئەو مێژووەی کە دەبێ دروست بکرێ و ئەو هێزەی کە دەبێ ئەم مێژووە دروست بکا، بەر لە پێداچوونەوە بە جۆرەکانی "هاوسێیەتی" لە شێوەی بەرهەمهێنانی ڕووسیادا دەناسێت. هەڵسەنگاندنی ئەو بۆ کۆمەڵگای ڕووسیا، هەوڵێکە بۆ دەرککردنی ئەو هەلومەرجە کە ئەم مێژووە لەژێر سایەیدا دروست دەبێت.

درێژەی هەیە...

************



## تاهیر حاجی حەسەن: ئەو کۆ بڕیارەی دادگای باڵای عێراق دەریکردون، ڕاستەوخۆ پەل بەستکردنی حکومەتی هەرێم ودەسەڵاتی حزبەکان و بەتایبەتیش پارتی دەگەیەنێت ...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەری کۆمۆنیست و یەکسانیخواز تاهیر حاجی حەسەن سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پیکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پیکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەرییەکی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە هەیە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛** دەوڵەتی ئەمریکا وەک زلهێزێک لەنێو دنیای دوای جەنگی یەکەمی جیهاندا، زیاتر دەرکەوت و لەتوانایدا بوو خۆی بسەپێنێت بەسەر پێگەو ئاستی گەشەیەک لەڕوی سەربازی و ئابوری بەهێزو خاوەن ستراتیژی یەکلاکەرەوە بەسەر دەوڵەتانی وەک ئەوروپا و بشبێتە خاوەن ڕێگا چارەسەر بۆ پتەوکردنی ئەو هەنگاوانەی دنیای سەرمایەی تا ئەوکات نابووی. مێژووی سیستەمی چینە چەوسێنەرە دەسەڵاتدارەکان، هەمیشە لەنێو قۆناغە جۆراوجۆرەکانی نێو شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی پێویستی گەشەی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، لەناو هەڵبەزو دابەزدا بوەو، هەر لەو ڕێگەیەشەوەیە، کاتێک دەوڵەتێکی خاوەن ئیمپراتۆری چەند سەدەیی لە ساتێکی مێژوویدا، دەبێتە بەشێک لەمێژووی ڕابردو. چونکە ئێتر ئەو دەوڵەت و جۆرە سیستەمە وەک ڕێگرێک و کۆسپێک دەبێت لەبەردەم گەشەو پێویستی شێوازێکی نوێ لەبەرهەم هێناندا. ئەمریکا، وەک زلهێزێک لەبەرانبەر سەردەمی بلۆکی شورەوی و لەسەردەمی جەنگی دوەمی جیهاندا، دەورو نەخشێک لەوێدا هەیبو، لەسەردەمی پەلاماری دوو شاری یابان بەچەکی ئەتۆمی کە هێشتا نەیەکێتی سۆڤیەت و نەدەوڵەتانی ئەوروپاو جیهان هیچیان بەدەستیان نەهێنابو،و، لەوێوە، ئەو ئامانجەی دەوڵەتی ئەمریکا وەک زلهێزێکی بێ ڕکابەر خۆی سەپاند، بێگومان لەدوای ڕوخانی سەردەمی ئەوەی ناوی بلۆکی سۆسیالیستی لێنرابو، وە لە ناواخنیشدا، پێکهاتەیەک بون لەدەوڵەتی سەرمایەداری دەوڵەتی، نەک کۆمەڵگەی سۆسیالێستی، بۆخۆی ئەو دەرفەتەی ڕەخساند تا شێوازی بەرهەمهێنانی لیبراڵیزم و نیولیبراڵیزمی بازاڕی ئازاد، وەک سیستەمی بێ ڕکابەر بێت لەمەیدانەکەدا.ئەم بەناو گەشەیەش پەیوەندی بەبێ توانای سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتیەوە هەیە کە نەیتوانی بەهەمان ئاست گەشە بەخۆیەوە ببینێت، کە دەوڵەتانی وەک بلۆکی شورەوی و دەوڵەتی چین ڕابەرایەتیەکەیان لەدەستدا بوو . لەدوای ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیستەوە، دەوڵەتی ئەمریکا وەک زلهێزێکی بێ ڕکابەر لەجیهاندا، جڵەوی کۆی هەژمونداری بەدەستەوە گرتوەو تا ئەو قۆناغەی لەنێو پێکهاتەی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەوڵەتیدا، ئاڵوگۆڕێک بەدیهات لە شێوازی بەرهەمهێنان و گرتنەبەری ڕێگای بازاڕی تایبەتی نیولیبراڵیزم، لەو قۆناغانەیشەوە، گەشەی بەرهەمهێنان لەنێو دەوڵەتانی بلۆکی بەناو سۆسیالیستیدا، وەک ڕکابەرێکی نوێ لەمەیداندا سەریان دەرهێنا، ئەم گەشە خێراییە بۆخۆی سەلماندنی ئەو ڕاستە ڕێگەیە نوێیە بوو، کە وتی، چیتر دەوڵەتی ئەمریکا وەک زلهێزێکی بێ ڕکابەر نییەو ناتوانێت بۆ هەمیشە لەمەیدانەکەدا باڵا دەست بێت. لە سەردەمی سەدەی بیستویەکیشەوە، ئاستی گەشەی زانست و تەکنەلۆژیای زیرەک و کۆی تەقینەوەیەک لەکۆی بوارو جومگە هەستیارەکانی نێو بەرهەمهێناندا بەئەندازەیەک چوەتە پێشەوە، لەکۆی مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبوە، بەڵام ئەم چونە پێشەوەیە، نەک لەبەرژەوەندی هێزی کارو چینە

**عێراق، وڵاتێکە کراوە بەجەهەنەم بۆ زۆرینەکەی و لەولایشەوە کراوە، بەو بەهەشتەی چینەبۆرژواو تاڵانچیە قەومی و دینی و مەزهەبی و عەشیرەییەکان تێیدا تەراتێن دەکەن، ئەمەیە عێراقی سەردەمی نووسینەوەی دەستورو یاساو ڕێساکانیان...**

کۆمەڵایەتییە زۆرینەکە بوبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کۆی چینەکۆمەڵایەتیە زۆرینەکەی بەئەندازەیەک قەتیس و بچوک کردۆتەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێزو کۆمپانیا فرە جۆراوجۆرەکانیان، یانی لەم ئاڵوگۆڕەدا، پێکهاتەی نێو یاساکانی سەرمایەداری گەر لەڕوکەشیشدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا ئاستی پڕ لەترسناکی ئەم سیستەمە نیشان دەدات بۆ سەر ژیان و گوزەرانی ئەو لەسەتا نەوەدو نۆیەی کە ناوی چینە کۆمەڵایەتیە زۆرینەکەیە. قۆناغێکیشە بەشێکی زۆری دەوڵەتان چ زلهێز بن یان ئەوانەی لەدوای جەنگی دوەمی جیهانەوە لەسەر پێی خۆیان فرەجەمسەری، دیسانەوە ڕێگاچارەیەک نادات بەدەستەوە بۆ ڕزگارکردنی دنیای سەرمایەداری لەو قەیران و جەنگ و بێ ئاسۆییەی تێیدایە، نەبازاڕی ئازادو نەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەوڵەتی، هیچیان لەتوانایاندا نییە بۆ هەمیشەو هەتایی بتوانن ئەم سیستەمە وەک دوا سیستەم بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بسەپێنن.. قۆناغێک شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسای کۆتای سەدەی هەژدە لە ئەوروپادا، ئیتر وەک پێویستیەک و ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەییانە لەو شێوازە باوەی بەرهەمهێناندا هەبو، خۆی سەپاندو سەدەیەک زیاتریشی ویست تا بەئەندازەیەک کۆتای بەشێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و هەژمونداری کڵێساو پێگەی پادشاو ئەریسۆکراتەکان بهێنێت و لەنێو جەنگ و ململانێ و کێبەرکێ و ڕکابەریدا، شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی جێ پێی خۆی قایم کردو لەوێیش بەدواوە، کۆی ئیمپراتۆریەتە چەند سەدەییەکان لەنێو سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەکۆتا گەیشتن. بۆ دنیای تاک جەمسەری ئەمریکاو لانی کەم لەم دو دەیەی ڕابردودا، یانی لەدوای یازدەی سێپتەمبەری دوهەزارو یەکەوە،، دەوڵەتی ئەمریکا، بەردەوام بوە لەجەنگ و دروستکردنی دوژمنی وەهمیدا، تا ئەوەی بتوانێت وەک پۆلیسی نێودەوڵەتی خۆی بسەپێنێت و دامەزراوە جۆراوجۆرە نێودەوڵەتیەکان بخاتە خزمەتی هەژمونەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا، نەیتوانی کۆلۆنیاڵی بەشێوازێکی نوێ بهێنرێتەوە مەیدان کە لەتوانایدا بێت دابەشکاریەکە بەشێوازێک بێت، تا لەوەی نەپەڕنەوە بۆ بەرپاکردنی جەنگی سێیەم،جیهانی سەرمایە لەنێو هێز هاوسەنگیەکدا بهێڵنەوە هاوشێوەی سەدەی بیست، گەرچی سەدەی بیست خوێناویترین سەدەیش بوە لەجیهاندا..

ئەم پرسیارەی بۆ پێشەوە،لەڕاستیدا وەڵامێکی قوڵتری دەوێت لەوەی من وەڵامم داوەتەوە، چونکە لێکەوتەو ئاراستەکانی جیهانی نێو فرەجەمسەری هێشتا خۆی بەتەواوی نەسەپاندوەو نەبوەتە ئەو ئەکتیڤەی ئاراستەکان بەقازانج و بەرژەوەندی زلهێزە نوێیەکان بێت، گەرچی مەودایەکیشەوە هاتۆتە پێشەوەو هیچ هێزێک ناتوانێت لەبەردەمیدا بوەستێت، جیهانی سەدەی بیستویەک، جیهانی چڕبونەوەی بەناو یەکچوی دنیای نێودەوڵەتی سەرمایەداریەو جیابونەوەو کەرت کەرت بونی تێیدا جێگەی نابێتەوە، یانی هەنگاوەکان بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، تەنها قۆناغێک لەپێش دادێت، پێدەچێت قۆناغێک بێت بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی،گەر پێش ئەو قۆناغە جەنگی سێیەمی جیهان و بەکارهێنانی چەکی ناوەکی نەبێتە کۆتایهێنانی ژیان لەسەر ئەم ئەستێرەیە..

**بۆپێشەوە: لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، باڵانسی هیز لە عێراقدا بە سودی بۆرژازی عێراقی و بەزیانی بۆرژوازی کورد گۆڕاوە و تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنوردار کردۆتەوە، چۆن دەروانە ئەم ئاڵوگۆرە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛** پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراق لە 2003 دا و کەوتنی ڕژێمی دیکتاتۆری و لەسەردەمی حاکمیەتی برێمەردا، ئەو دارشتنە نوێیەی لەسەر

**ڕزگاری نەتەوە، پەیوەستە بەکۆتایهێنان بەچەوساندنەوەی چینایەتیەوە، ئەوکاتیش شتێك نامێنێت بەناوی ئاین و نەتەووو مەزهەب، بەڵکو ئەوەی سەروور دەبێت، پێگەو کەرامەتی مرۆڤ دەبێت..**

وەستاون، بوون بەخاوەن چەکی ناوەکی کۆکوژو وێرانکار، لەهەمان کاتیشدا، دەرکەوتنی دنیای فرە جەمسەری، بەبڕوای خۆم، زیاتر بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری لەهەر تەقینەوەیەکی گەورە کە زۆرینەکە بەرەو ئاراستەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێت.. چونکە گەر دەوڵەتی ئەمریکا وەک زلهێزێکی بێ ڕکابەر بمایەتەوەو ئاستی گەشەی مرۆڤایەتی لەنێو زیاد بون و پێویستیەکانیدا، ئەوا، نەک ئەو زلهێزە بەتەنیا لەتوانیدا دەبو، جڵەوی ئەو تەقینەوانە ڕابگرێت، بەپێچەوانەوە، دەبوە هۆکارێک بۆ تەقینەوەی زۆرو گەر لەوێیشدا ئاسۆی سۆسیالیستی ون بایە، ئەوا، سەرهەڵدانی دەیان ڕەوتی کۆنەپەرستی و گێژاو لەمەیدانەکەدا بونیان پەیدا دەکرد. ، لەگەڵ ئەوەیشدا، دەرکەوتنی دنیای ببێتە وەڵامدەرەوە مێژوویەکەی سەردەمەکەو بەبێ ویستی ئەو،دەوڵەتانی وەک چین و ڕوسیاو هیندو بەرازیل و دەیانی دیکەش لەمەیدانی گەشەو کێبەرکێی بازاڕی سەرمایەداریدا هەنگاوی چاوەڕوان نەکراویان ناوە، جا لەبواری جبەخانەی سەربازیدا بوبێت یان لەبواری تەقینەوە جۆراوجۆرەکانی تەکنەلۆژیاو کەرەسە پێویستیەکانی نێو بازاڕی سەردەمدا بوبێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین،بەلاداکەوتنی زلهێزێکی وەک ئەمریکا،هەروا کارێکی ئاسان نیەو ئەوێک تائێستایش خاوەن زەبەلاحترین جبەخانەی سەربازی و دنیای چەک فرۆشیە،لەتونایدایە وەک یەکێک لەزلهێزەکان لەمەیدانەکەدا مانەوەی خۆی بپارێزێت چ لەو دنیا نوێیەی کەتێیدا دەست دەبرێت بۆ دابەشکردنەوەیەکیترو جهانی بنچینەی تائیفی و مەزهەبی و قەومی لەعێراقدا، سەپێنرا، عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی تەواو بونی نەمابوەوە،، چونکە کۆی ئەحزابەکان دابەش بوی نێو ئەو بازنەیە بوون. ئەحزابی نیو فیودال بۆرژوازی کوردیش لەم نێوەدا، وەک ئەحزابی تائیفی و میلیشیای عێراق،هاوشانی یەک، برەویان بەو وێران کاریانەدا تا ئەم ساتەیشی لەگەڵدا بێت کە بەسەر کۆی دانیشتوانە زۆرینەکەدا هێنراوە. حوکمی عێراق،یانی هەژمونی سیاسەتی دەوڵەتی ئاخوندەکانی ئێران و هەژمونی سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکاو،دەوڵەتی تورکیا،دەگەیەنێت. ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردیش،لەو نێوەدا، بەناڕاستەوخۆ، هەر لایەو

تەرەف داری لای دەوڵەتێک و دامودەزگا هەواڵگری و کۆمپانیا نەوت دزەکانن، بێگومان لەدوای کۆتایهێنان بەداعش،، کە خودی بەرهەمهێنەرانی داعشیش هەر ئەو دەوڵەتانەن کە لەعێراقدا هەژمونیان هەیە، ئەو شوێنانەی کە لەڕێی جەبهەی پێشمەرگەوە ڕزگار کران، یانی ناوچە بەناو جێ ناکۆکەکان، وەک کارێکی قۆنتەراتی وابو، یانی پێشتر جۆرە ڕێکەوتنێکی نهێنی لەو نێوەدا هەبوە، کە دواتر ئاراستەکان بەکوێ بگات. 16 ئۆکتۆبەر،، سیناریۆیەک بوو، لەنێوان هەژمونداریێتی دەوڵەتی ئێران یان هەژمونداریێتی دەوڵەتی تورکیا، بەسەر ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا،کە دەبێت کامیان براوە بن،، بێگومان حکومەتی عێراق ،، بەنیوە زیاتریش یانی هەژمونی دەوڵەتی ئاخوندەکانی ئێران دەگەیەنێت.. لەم مەسەلەیەدا، تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، مێژووی بزوتنەوەی سیاسی بەرەی کوردایەتی، مێژوویەکی ڕەش و مێژوویەکە تەنها ئەو حزبانە لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەدا لەهەڵسوڕاندان و لەهەمان کاتیشدا، سوکترین و ئاسانترینن بەدەستی دەوڵەتانی ناوچەکەو زلهێزانیشەوە، کە هەرکات پێویستیان پێیان بێت، وەک کارتێکی فشار بۆسەر ناوەند بەکاریان دەهێنن، ئیتر لێرەوە ڕونە کە هیچ ئومێدێک بۆ کۆمەڵگەی کوردی کە لەلایەن ئەو حزبانەی نێو بازنەی بەرەی کوردایەتی ئیسلامیەوە بەدی بهێنرێن، وەک خەیاڵێک وا دەبێت .

> **لێکەوتەو ئاراستەکانی جیهانی نێو فرەجەمسەری هێشتا خۆی بەتەواوی نەسەپاندووە نەبووەتە ئەو ئەکتیڤەی ئاراستەکان بەقازانج و بەرژەوەندی زلهێزە نوێیەکان بێت، گەرچی مەودایەکیشەوە هاتۆتە پێشەوەو هیچ هێزێك ناتوانێت لەبەردەمیدا بوەستێت...**

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛** نووسینەوەی دەستور لەساڵی 2005 وە،بۆخۆی پەیوەستە بەسەپاندنی هەژمونی کام هێزو کام لایەن زۆرترین مافی هەیە، بێگومان، شیعە وەک زۆرینە، خاوەن ئەو دەستورەن، عێراق لەسەر دابەشکاریە تائیفی و مەزهەبی و قەومیەکە، خۆی ڕێکخراو کردوە، نەک لەسەر ئەو مافەی کە کۆمەڵگەی عێراقی وەک کۆمەڵگەیەکی دەرە تائیفی وقەومی و مەزهەبی بێت، لێرەوەیە، کێشەکان بەردەوامی پێ دەدرێت و لەهەمان کاتیشدا، دەرفەتێکی باشیشە بۆ دزی زیاترو تاڵانی و داماو کردنی زیاتری زۆرینەکەیش، لەگەڵ ئەوانەیشدا، عێراق و بەغدا وەک ناوەند، لەلایەن دەوڵەتانی نێو کایەی هەژمونداری جیهان، حسابی بۆ دەکرێت، وە. پێشتریش ئاماژەم پێدا، حکومەتی کوردی لەهەرێم، بەناو حکومەتی کوردییە، گەرنا نوێنەرێکی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی تورکیان و لەهەمان کاتیشدا، تاڵانچیەکی گەورەی سەر ژیان و کەرامەتی زۆرینە کورد زمانەکەن، ئیتر چاوەڕێی دۆڕانیان زیاتر لێ دەکرێت، وەک ئەوەی چاوەڕێی کاری گەورەیان لێ بکرێت. فیدراڵیزم لەعێراقی دابەش کار لەنێوان هەژمونی مەزهەبداری و تائیفی و قەومیدا، هیچکات ناتوانێت خۆی لەسەر پێی ئەو واقعیەتە بگرێت گەر ئازادی و مافی ڕەوا هەبێت، هەر ڕاستەوخۆ، هەر سێ لا لەیەک جیا دەبنەوە، عێراق، وڵاتێکە کراوە بەجەهەنەم بۆ زۆرینەکەی و لەولایشەوە کراوە، بەو بەهەشتەی چینەبۆرژواو تالانچیە قەومی و دینی و مەزهەبی و عەشیرەییەکان تێیدا تەراتێن دەکەن، ئەمەیە عێراقی سەردەمی نووسینەوەی دەستورو یاساو ڕێساکانیان.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛ئەحزابی** هەژموندار لەهەرێمدا، هەر لە بونیانەوە، سیاسەتی ڕزگارکردنی هەرێمیان نەبوە لە عێراق و دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆو خاوەن بڕیار، هێندەی ئەوەی وەک یاریزانێکی بەکرێگیراو بون لەو یاریەی بۆیان دیاری کراوە، لەم سێ دەیەی دەسەڵاتداری ئەو دو حزبە سەرەکیەو ململانێکانیان و ڕکابەرایەتیەکانیان، بەئاشکرا ڕون و دیار بوە، کە هەڵسوڕێنەری سیاسەتی دو دەوڵەتی ئێران و تورکیان لەهەرێمدا، بێگومان ئەو دو دەوڵەتەیش هێندەی بەهای ناوەند لایان گرنگە، بەهای نەک هەرێم، بەڵکو دو حزبە هەژموندارەکە لایان گرنگ نییە. تەنها وەک بەکرێ گیراوێک ئیشیان پێ دەکەن، خۆ ئەم یاریەش پێچەوانە بوەتەوە، ئەو دو حزبە هەژموندارە، لەپێناو خۆ دەوڵەمەند کردن و بەتاڵان بردنی سامانی کوردستان و پشکدانی گەورەیش بەو دو دەوڵەتە واهاتوەتەوە، کە ئەوە ئەمانن، بەشێکی زۆری نەوت و سامان و هاوردە کردنیش دەخەنە نێو بەرژەوەندی ئەو دو دەوڵەتەوە تا بیان پارێزن لەهەر تەقینەوەیەکی جەماوەری ناوخۆیش. ئیتر لە دواجاریشدا، کە ئەم دو حزبە هەژموندارە خاوەن ئەو ستراتیژە نین بۆ ڕزگارکردنی سەربەخۆ بونی هەرێم، بێگومان کارتەکانیان لاواز دەبێت و بەناچاری مل بەسیاسەتەکانی بەغدا دەدەن، گەرچی ملەجڕیش بکەن، بەڵام خاوەن ئەو توانایە نین بۆ ئەوەی بتوانن وەک بەربەستێک دەرکەون لەبەرانبەر سیاسەت و پێگەی دەوڵەتی ناوەندا. . عێراق وەک ئەوەی لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە، جێگەو پێگەی بۆ دیاری کرا، لەلایەن دەوڵەتی ئیمپاتۆری ئینگلیزو فەرەنساوە، یانی هاوشێوەی دروستکردنی دەوڵەتان لەناوچەکە، ئیتر هەر لەسەر ئەو ڕیتمە کاری لەسەر دەکرێت، بۆیە تائێستایش ئەو قەوارانە وەک خۆیان هێڵراونەتەوەو بەپێی بەرژەوەندی و ڕکابەری نێوان دەوڵەتانی زلهێزی سەرمایەدار، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێن. ئایندەی پێکەوەی بونی یان جیابونەوە، لەعێراق و وڵاتانی ناوچەکەیش هێشتا هیچ دیار نییە وەک ئاماژەم پێدا، پەیوەستە بەو جەنگە ئابوری و سیاسی و هێز ناهاوسەنگی یان هێز هاوسەنگیەک کە لە ئایندەدا لەلایەن زلهێزانی جیهان، یان جەمسەرە نوێیەکانەوە، پێدەچێت ڕەنگ ڕێژیەکی تر بکرێنەوە، ئەوەیش دیار نییە ،چۆن و بەچ ئاراستەیەک دەبێت.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛** لەو پرسیارەی سەرەوەدا، تا ئەندازەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەشم داوەتەوە، ئەم پرسە لەلایەک پەیوەستە بەو لێکەوتە جۆراوجۆرانەی دەوڵەتانی زلهێزی وەک ئەمریکاو ڕوسیاو چین هەیانە لەناوچەکەدا، چونکە ئەو سێ زلهێزە، پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەیش هەیەو هەر لایەش دەیەوێت زۆرترین بخاتە ژێر هەژمونی خۆیەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا، کایەکان تا ئەندازەیەک جیاوازن، بەوەی دەوڵەتانی ناوچەکەیش تا ئەندازەیەک وەک زلهێزێک و جۆرە ئیمپریالیزمێکن بۆ سەر ئەو دەوڵەتانەی لەخۆیان لاوازترن، نمونە، عێراق و سوریاو لیبیاو یەمەن و ئەفغانستان، جێگاکانیتریش لەنێو ئاسیای ناوەڕاستدا ، هەر چارەسەرێکیش لەلایەن دەوڵەتانی هەژمونداروەوە بێت، بێگومان لەدژی خواست و بەرژەوەندی چینەچەوساوە زۆرینەکە دەبێت و برەودانێک دەبێت بۆ زیاتر ڕەگ داکوتانی بیری شۆفێنیزمی قەومی و مەزهەبی و دینی و تائیفی، ڕێگاچارە واقعیەکە، بۆ ڕزگارکردنی بەمانا نەتەوەو ئاین و مەزهەبیەکانیش، پەیوەستە بەبەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆتایهێنان بەکۆی ئەو مێژووانەی کۆمەڵگەی دابەشکردۆتە سەر چین و توێژو ئاین و مەزهەب و نەتەوەو خێڵ و عەشیرەتەوە، ئەمە تەنها ڕێگا چارەی زانستی و واقعیە، بۆ کۆی کۆمەڵگەی کوردی و عێراقی و ناوچەکەیش بەگشتی، بەڵام مەخابن،لەم نێوەداو لەم سەردەمی پڕ لەگێژاوی نێو قەیرانە چون بەیەکەکانی نێو دنیای سەرمایەداریدا، لەنێو ئاگای چینەکۆمەڵایەتیە زۆرینەکەدا، هێندەی گێژ بون و هێندەی نائاگایی سیاسی چینایەتی تێدا چێنراوە، بەو ئەندازەیە، ئاستی بردنە پێشەوەی ڕێکخراوبون و ئاگای سیاسی چینایەتی تێدا بوونی نییە. ڕزگاری نەتەوە، پەیوەستە بەکۆتایهێنان بەچەوساندنەوەی چینایەتیەوە، ئەوکاتیش شتێک نامێنێت بەناوی ئاین و نەتەوەو مەزهەب، بەڵکو ئەوەی سەروەر دەبێت، پێگەو کەرامەتی مرۆڤ دەبێت..

**بۆپێشەوە: لەم دوایانەدا دادگای باڵای فیدرالی چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە... بڕیاری لابردنی کورسی کۆتاکان، بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بڕیاری بە یەک بازنەیی کردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیاری دابەشکردنی موچە لەلایەن بانقە ناوەندیەکانی عێراقەوە... چۆن دەڕوانە ئەو بڕیارانە؟ ئەم بڕیارانە چ کارگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم و چینی کریکار و خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

تاهیر حاجی حەسەن؛ ئەو کۆ بڕیارەی دادگای باڵای عێراق دەریکردون، ڕاستەوخۆ پەل بەستکردنی حکومەتی هەرێم ودەسەڵاتی حزبەکان و بەتایبەتیش پارتی دەگەیەنێت، یانی لێسەندنەوەی کۆی هەژمونیان بەسەر ئابوری نەوت و خاڵە سنوریەکان، لەوێیشەوە، ڕادەست کردنی ئەو نەوتەی لەهەرێمدا دەفرۆشرێت لەڕێگەی تورکیاو ئێرانەوە، بۆ ژێر دەستی حکومەتی عێراقی، بێگومان، لەم نێوەدا، سەپاندنی هەژمونی ئێران لەعێراقدا، تا ئەندازەیەک توانیویەتی گرەوەکە لەتورکیا بباتەوە. هەڵوەشاندنەوەی کورسی کەمە نەتەوەکان، یانی لێ سەندنەوەی ئەو هێزەی پارتی لەڕوی یاساییەوە شانازی پێوە دەکردو لەبەرانبەر یەکێتیدا زۆرینە دەبو لە پەرلەمان و حکومەتدا، لێرەشەوە، تەڵەکەیان تەقاندەوەو پێی پارتی تێ چەقیوە، بەڵام دیارنییە، دواجار پارتی چۆن خۆی ڕزگار دەکات لەو تەڵەی پێیدا تەقیوە، ئایا تەنەزولی زیاتر بۆ دادگای فیدراڵی دەکات، یان لەڕێی ئەجێندای دیکەوە دەبێتە بەربەست لەبەردەم هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەدا. ، خەڵکی هەرێم، یان زۆرینەکە داماو کراون لەڕێی سیاسەتی خێڵەکی و نیو فیوداڵ بۆرژوازی بزوتنەوەی سیاسی بەرەی کوردایەتی ئیسلامیەوە، گەرنا ماوەی سی و دوو ساڵە، ئەو هێزە کوردیانە، زۆرترین دەرفەتیان لەبەردەمدا بوە، بۆئەوەی کەرامەتی کۆمەڵگەی کوردی لەبەرانبەر دەوڵەتی ناوەندو دەوڵەتانی چواردەوریش بپارێزن و ماف و ئازادیەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت، بەڵام چونکە ئەو هێزو دەسەڵاتە کوردیە، هەمیشە دژی خواستە ڕەواکانی زۆرینەکە بون، وا لەڕێی بڕیارە یاساییەکانی دادگای فیدراڵیەوە، موچەخۆرانیش لەم نێوەدا، دەبنە باج دەرێکی گەورەی نێو هەردوو لا، چونکە بڕیارەکان تا ئەندازەیەک لەڕوکەشدا وادەردەکەوێت کەلەبەرژەوەندی موچەخۆراندا بێت، بەڵام ڕێگریەکانی بەردەم جێبەجێ کردنەکان، دەبنە کۆسپێکی

> **16 ئۆکتۆبەر، سیناریۆیەك بوو، لەنێوان هەژمونداریێتی دەوڵەتی ئێران یان هەژمونداریێتی دەوڵەتی تورکیا، بەسەر ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا،کە دەبێت کامیان براوە بن...**

## درێژەی دیمانە لەگەڵ نووسەری کۆمۆنیست و یەکسانیخواز تاهیر حاجی حەسەن....

گەورە. لەناو دامودەزگای سەربازی و بن دیواری و دنیایەک موچەخۆری وەهمیدا، ئامادەیی حکومەتی هەرێم نییە تا بەکۆ ناو پێگەی موچەخۆر بدات بەناوەند، ئێ ناوەندیش دەڵێت من ئامادە نیم موچە بەو شێوازە بنێرم پڕ لەنادیاری بێت، ،دواتریش کێشە سەرەکیەکە، لەڕادەست کردنی ئەو نەوتەدایە کە لەهەرێمدا دەردەهێنرێت بە بەغدا، گەر ئەو کارەیش ئەنجام درا، ئەوکات، قەوارەی سیاسی هەرێم و حکومەتەکەی، هەر هێندەی یەکێک لەو ڕێگا ئیداریانە دەبێت کە لەنێو ئیدارە دانی هەر پارێزگایەکی نێو پارێزگاکانی عێراقدا هەیە، بێگومان سەپاندنی کارێکی وایش، یان تێکوپێک شکاندنی کۆی پێگەو بەهای خودی پارتی و بنەماڵەی بارزانیش بەتایبەتی دەگەیەنێت، چونکە لەپێگەی مێژووی سیاسی ئەو حزبەدا، هەمیشە جێگەی خۆی وەک گەورەو برا گەورەیی بینیوەتەوە، لێرەشەوەیە، کە پارتی بەئاسانی و لەڕێی هەرچ گوژمەیەکەوە بێت نایەوێت ئەو پێگەیەی خۆی لەدەست بدات، جا گەر بەهەرچ نرخێکیش بێت، لێرەدا، بەکارهێنانی بەهاو پێگەی هەرێم و دانیشتوانەکەی تەنها وەک ئامرازێک دەبێت لەنێوان ململانێ و ڕکابەری نێوان هەردو حزبی باڵا دەست و حزبە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەو بازنەیەدا، ئەوە ناواخنی نەگونجان و ئامادەیی نەبونی پارتیە لەناو گەڕی ئەم هەڵبژاردنە کارتۆنیەی بڕیارە لە مانگی شەشدا ئەنجام بدرێت.

**بۆپێشەوە: بەشێک لە خەڵکی کوردستان، خۆشحاڵن بە بریارەکانی بەغدا دژ بەدەسەڵاتی هەرێم، چۆن دەڕوانە ئەم خۆشحاڵییەی خەڵک ئایا ئەوە خۆشباوەری نییە بەدەسەڵاتی لایەنە بۆرژوازییەکانی عێراق؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛** لەڕاستیدا ئەو خۆش حاڵیەی بەشێکی زۆر لەخەڵکی سڤیلی هەرێم بەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی لەعێراق، خۆبەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی ئەو بێ ئومێدیە زۆرەی بزوتنەوەی سیاسی بەرەی کوردایەتی ئیسلامی لەماوەی ئەم سی و دوو ساڵەی دەسەڵاتداریێتیاندا، لەناو ژیان و گوزەرانی زۆرینەکەدا، ئەجامیان داوە. . خۆ گەر دەرئەنجامی ئەو کۆ هۆکارە نەرێنیە جۆراوجۆرانە نەبوایە کە ئەو حکومەتە خێڵەکی نیوە فیودال و بۆرژوا مشەخۆرەی بەرەی کوردایەتی بەرهەمهێنەری بووە، دەبوا خەڵکی زۆرینە لەهەرێمدا، نەک خۆشحاڵ بن بگەڕێنەوە باوەشی ناوەند، بەڵکو ببوایەنەتە خاوەن قەوارەیەکی سیاسی دان پێدانراو، بەڵام کارو کردەوە تاڵانچیەکانی ماوەی سی و دوو ساڵی ئەوحکومڕانییە فاشیلە، چی شتێکی ئەرێنی بۆ پاراستنی زۆرینەکە بەرهەم نەهێناوە، ئەو قەوارەی بەفیدراڵیزم لەڕوی یاساوە ناونراوە، لەواقعدا، قەوارەیەکی فیدراڵی نەبووە بۆ پاراستنی کەرامەتی کۆی دانیشتوانی باشوری کوردستان، بەڵکو کۆی یاساو ڕێساکان بۆ پاراستنی ئەو بەرە سیاسیەی دو حزبەکەی پارتی و یەکێتی و حزبە هاوپشتیوانەکانیان بووە. بێگومان ئەوە نەبێت دەوڵەت و حکومەتی ناوەند، بەدیهێنەری خواست و ئامانجەکانی چینە چەوساوەکەی عێراق بێت، بەڵکو ئەوانیش بەهەمان شێوە، بەرەیەکی تاڵانچی کۆی ئابوری عێراق و نوێنەری کۆمپانیا زلهێزەکانن، لەوێیشەوە وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە، ئەو دەوڵەتەی دامەزراوە بۆخۆی لەژێر هەژمونی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتیەکانی ئەنجومەنی بەناو ئاسایش و دەوڵەتە یەکگرتوەکانی ناو سیستەمی سەرمایەداریە. لەماوەی سی و دوو ساڵی حوکمداری بەرەی کوردایەتیدا، بەقەبارەی کۆی مێژوو وە هەژمونی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بەو ئەندازەیە ترسناک و بەئازارو زەحمەت نەبووە، ئاخر چ ڕۆژ و ساڵێک هەبوە، موچەخۆرو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، ڕوبەڕووی کەرامەت شکاندنیان نەبوبێتنەوە، لەلایەن حکومەت و دامودەزگاکانی ناو ئەو حکومەتەوە، هەر لەنەدانی موچەو تا درەنگ خستنی و تا بێ خزمەتگوزاری ڕێگاوبان و نەبونی ئاوی پاکژو نەبونی نەخۆشخانەی گشتی و چی و چیتر،،،، ئیتر ئەمانە کەرامەت شکاندن نەبن ناوی چی لێ دەنرێت؟

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بەو هەلومەرجەی ئیستا لە ئارادایە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی هەژموونی سیاسی و بریار بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا دەسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێم هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بە بەغدا نییە، چ ڕێگاچارە و ئەڵتەرناتیفێک پیویستە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن؛** ئەم ئەزمونەی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ،نەک ئیش لەسەر ئەو خاڵە نەکرا کە برەو بەمەدی شۆڕشگێڕی و چونەسەری مەدی یەکسانیخوازی و پاراستنی ئازادی و مافەکان نەکرا، بەڵکو خودی بزوتنەوەی سیاسی بەرەی کوردایەتی کە زۆرینەی تاکی نێو کۆمەڵگەی کوردی وەک پشتو پەناو ئومێدی گەورەی خۆی دەیبینی بۆ ڕزگاربوون لەجەوری چەوساندنەوەو ستەمی سەر نەتەوەیی تا بەدەیان خەیاڵ و ئومێدی گەورەتریشەوە، بەڵام کاتێک لەواقیعدا ئەم ئەزمونە سیاسیە خاوەن ئەو پرۆژە تەواو دژ بەخواست و ئامانجە مرۆییەکانی زۆرینەکە بوو، وەئیشی لەسەر ئەو خاڵە کردوە کەتەواو پێچەوانەی خەونەکانی زۆرینەکە بێت، لێرەوە بەهۆکاری ناهۆشیاری سیاسی چینایەتی و نارێکخراوبونی چینەکۆمەڵایەتیە زۆرینەکەو لەواقعیشدا نەبوونی پێشڕەوایەتیەکی بەهەق خاوەن ڕێکخراوی حزبی پتەو، بونە ئەو کۆسپ و ڕێگریە گەورەیەو تا ئەندازەی ئەو خاڵەی کە زۆرینە بەرەو ڕەشبینی و بێئومێدی و گەڕانەوە بەرەو کۆنەپەرستی و بێدەربەستی لەبەرانبەر هەر ئەگەرێکی خراپی وایش کە ئەو قەوارەیەش بەتەواوی بخرێتەوە سەر ناوەند، نەک بەرەنگاری ناکرێت، بەڵکو خودی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە دەروازەیەکی کراوەو خۆ تەسلیم کردنەوە بەناوەند وەک ڕێگە چارە دەبینێتەوە، . ئەم بێئومێد کردنەی کۆمەڵگە، لەڕاستیدا هۆکاری تەواو ئەو دوو حزبە سەرەکیەن کە لەمێژووی دروست کردنیانەوە، تەنها بۆ ئەو ستراتیژە هەوڵیان داوە، کە تەواو دوژمنی کۆی خواست و ئامانجە گەورە مرۆییەکەی خەڵکی کوردستان بن، چونکە گەر وانەبوایە، هەڵبەت لەماوەی سێ دەیەدا دەبوا ئێستا لەسەر پێ وەستانی خودی خەڵکی هەرێم، ڕێگاچارەی گەورەو خاوەن ئەڵتەرناتیڤیش بوایە بۆسەر دەرەوەی سنورەکانی خۆیشی، بەڵام مەخابن، لەم دەرفەتەدا کە هێزو بەرەیەکی یەکگرتوی خاوەن ستراتیژی بەهێزی سۆسیالیستی لەمەیدانەکەدا نیە یان تەواو لاوازە، دەبینین ئەو زۆرینەیەش کە خاوەن ناسینی خۆی نیەو لەهەمان کاتدا سەدان شوانیش لە چواردەوەری وەستاون و ئیشیان کڕین و فرۆشتنی کۆمەڵگەیە، ئیتر لێرەوەیە بێئومێدی و ڕۆژ ڕەشی زیاتر لەچاوەڕوانی خەڵکی هەرێم و ئەوەی ناوی لێنراوە قەوارەی سیاسی هەرێمدایە، بەڵام ئەو بارودۆخەی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس جارێکیتر دوبارە نابێتەوە وەک ئەو سەردەمانەی پێشو، بەڵکو هەر لێسەندنەوەی دەسەڵاتێک لەو حکومەتە کوردیە، بۆخۆی تا ئەو ئەندازەیە نابێت کەبونیان بسڕێتەوە، بەڵکو لەنێو ڕکابەریە نێودەوڵەتیەکانی ناو زلهێزاندا هەریەکەو ڕۆڵێکیان بۆ دیاری دەکرێت و بەکۆیش وەک پاسەوانی کۆمپانیاکانی ناو کەرتی تایبەتی بازاڕی نیولیبراڵیزمی سەرمایەداری دەهێڵرێنەوەو وەک دڕندەیەکی ئامادەی خاوەن هێزیش پارێزگاریان لێ دەکرێت بۆ ئەوەی ئامادە باش بن لەهەر ئەگەرێکی تەقینەوەی جەماوەری زەحمەتکێش و زوو بەزوو بتوانن کوشتارگاکانیان بەڕوی جەماوەری ناڕازی و پڕ لەئازاردا بخەنە سەر پشت....

## درێژەی دوا وتە

جەنگی کەنداوەوە، باڵادەستی ئاسۆ و سیاسەتی بۆرژوازی بەگشتی و ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردستان، توانی تورەیی و نەفرەتی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان بە دژی رژیمی بەعس، بکاتە دەستمایە و سەرمایە لە پێناو ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا، بۆ گەیشتن بەدەسەڵات. خەڵکی کوردستان لەدژی دەسەڵاتی بەعس ڕاپەرین تا دەستیان بە ئازادی و ژیانێکی ئازادانەو پاشان بە سەربەخۆیی بگات، کەچی بەوهۆیە زۆر رۆشن و سادەیەوە، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ناکۆکی قوڵیان لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان لە ریگای ئیرادەنواندنی خۆیانەوە هەیە، توانیان بەدوای دەسەڵاتی بەعسدا، دەسەڵاتی بەعس ئاسای کوردی دژ بە ئازادییەکان دابسەپێنن و پرسی سەربەخۆیی کوردستانیش بکەنە کارتی سات و سەودای بەش وەرگرتن لەدەسەڵاتی دوای بەعسیەکان. لەوەش واوەتر حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کارەساتی ئاوارەیان وەکو کارەساتێکی سیاسی، بەچاوی روداوێکی ئینسانی روتەوە تەماشاکرد و وەکو هەموو کارەساتە تراژیدیاکانی ترش، تراژیدیای ئاوارەیان کردە سەرمایەو کاتی مامەڵە لە پێناو بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆیان و بەرژەوەندی چینە داراکانی کوردستان.

لەناو جەرگەی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە دیاریکراویش پارتی و یەکێتی، خەونی بەشداریکردن لەگەڵ بەعسیەکانیان، کە خەون و ئومێدێکی بەردەوام و مێژوویان بوو هەڵبژارد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەعس. تا ئەوکاتەی رژێمی بەعس بە یەکجاری گۆڕ بە گۆڕ بوو، ئەو حزبانە نەک هەر ئومێدی خۆیان بە ڕیکەوتن لەگەڵ بەعس و شەریک بوون لەگەڵیدا، لا کاڵ نەبۆوە، بەڵکو بەهەموو شیوەیەک دەکۆشان رژێمی بەعس بیانکاتە بەشدار لە دەسەڵاتدا.

ئێستا دوای ٣٣ ساڵ بەسەر کارەساتی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، هیشتا دوبارەبوونەوەی کارەساتی ئاوارەیی یان تراژیدیای تری لەچەشنی کارەساتی شەنگال، هەڵەبجە، ئەنفال...تاد، هەرەشەن لەخەڵکی کوردستان. هێشتا زەمینە بناغەیەکانی ئەم تراژیدیانە ئامادەییان هەیە. ئاوارەیی یان کۆمەڵکوژی هەڵەبجە و ئەنفال... تەنها زادەی جەنگ و ملهوری هیزە ئیمپریالیستیەکان، یان جەنگی وڵاتانی ناوچەکە، نییە، بەڵکو زادەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و پرسی سیاسی خەلکی کوردستانە. تائەو کاتەی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان بە ڕێگایەکی کارساز وەڵام وەرنەگرێتەوە، تا ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستی و ئینسانی پێشکەوتنخواز، نەبێت بە ئاسۆی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستاندا لە پیناو ئازادی و چارەسەری سیاسی کیشەی خەڵکی کوردستاندا، کۆدەکانی دوبارە بوونەوەی تاوان و کارەساتەکان، ئامادەییان دەبێت. هێشتا هەر ململانییەکی سیاسی و سەربازی زبر، هەر جەنگ و بەیەکدادانێکی وڵاتانی ناوچەکە، هەر شەپۆلێکی گۆرانکاری، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، دەتوانێت خەلکی کوردستان بکاتە قوربانی. دۆخی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتداریێتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد، شلۆق و ناسەقامگیرە. چ دەسەڵاتی سیاسی ناوەند، یان ملهوری نواندنی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، یان ئەلگۆی داعشی، دەتوانێت دۆخی کوردستان بەسەریەکدا برمێنیت و کارەساتیش بەدوای خۆیدا بهێنێت. هاتنی داعش، ڕوداوەکانی ١٧ ئۆکتۆبەر... باشترین بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستیانەن. حزبەکانی بۆرژاوزی کورد لەو کایەو گەمە سیاسییە سەربازی و سیاسییانەی لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، روودەدەن، نەک ناتوانن رۆڵێک بەئاقاری بەرگرتن بەو رووداوە پیشبینیکراوانەدا بگێرن، بەڵکو خۆیان وەکو مەقاشی لایەنێک، یان چاوساغ و خۆشخزمەتچی دەبنە بەشێک لە کاراکتەری تراژیدیا خولقاندن. هەر وەکو ئەوەی لە هەڵەبجە و شەنگال و ١٦ ئۆکتۆبەر بینیمان.

چینی کرێکار و خەڵکی بێبەشی کوردستان، بە بردنە سەری ئامادەیی رێکخراوەیی و سیاسییان، باڵادەستکردنی ئاسۆیەکی سیاسی جیاوازی سەربەخۆی چینایەتی، دەتوانن، ببنە کاراکتەری رەقم دان لە رووداو و پێشهاتەکان و هەڵگێرانەوەیان بە قازانجی خەڵکی کوردستان. کۆتاییهێنان بە تراژیدیاو کارەساتە پیشبینکراوەکان، بە لەبەین بردنی زەمینەو هۆکارەکانی دەبێت. چارەسەری کێشەی سیاسی و حقوقی خەڵکی کوردستان، تەریک خستنتەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتیان، بەهێزی ڕیکخراو یەکگرتوانەی چینی کرێکار و بێبەشانی کوردستان لە ژێر ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستیدا، دەتوانێ هەرەشە پیشبینکراوەکان و تراژیدیاکانی داهاتوو ڕابگرێت...

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، هاوژین ڕەشید، وریای ڕەسام، تاهیر حاجی حەسەن، نوری بەشیر، خالید بایەزیدی، بەندی عەلی، کاوان قادر،، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود, نەجمەدین فارس، شەماڵ بارەوانی، توانا حەمە نوری...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...**

## بەرزو بەرێزە یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی و سۆشیالیزم




**کۆتایی مانگی مارس و سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٩١، سوپای دڕندەی بەعس، هێرشی کردەوە سەر کوردستان بەمەبەستی دوبارە گێڕانەوەی دەسەلآتی سەرکوتگەرانی خۆی، کە بووە هۆی ئاوارەیەکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان. لە کاتی گەڕانەوەی سوپای بەعسدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزی چەکدار و سەرانیان، لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی چەکی باش و جبەخانەیەکی فراوان بوون کە پێشتر لە ڕاپەریندا دەستیان بەسەردا گرتبوو، ڕێگەی ڕاکردن و بەزینی پێش وەختەیان گرتە بەر، کە لەگەڵ خۆیدا بەناچار خەڵکی کوردستانیش ئاوارەی سەر سنورەکانی عیراق/ ئیران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا کرد، ئەم ئاوارەیە بووە هەڵگری سەدان و هەزاران چیرۆکی دڵتەزێن. لە جەرگەی ئەو تراژیدیا ئینسانییەدا... ئەوەی لەو نێوەدا هەوڵیدا خەڵکی کوردستان لە دڕندەیی سوپای بەعس بپارێزیت و بەرگری لەخەڵکی کوردستان بکات، بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون... بەڵی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی سەرباری کەم ئەزموونی و نەبوونی پێداویستی سەربازی پێویست، بڕیاری بەرەنگاری و وەستانەوە بەرووی سوپای دڕندەی بەعسیاندا، بەداخەوە لەو بەرامبەرکێ نابەرابەردا ژمارەیەك لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی گیانیان بەختکرد... ئەمانەی سەرەوە پۆلێك لەو هاوڕێ گیان بەختکردوانەن...**

**بەرزو بەڕێز بێت یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی...**




**بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام**

## دوا وتە

## لە ٣٣ هەمین ساڵیادی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا

**عەبدوڵا مەحمود**

ئەم ڕۆژانە ٣٣ ساڵ بە سەر کارەساتی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، کارەساتێک کە بۆوە بیرەوەری تاڵ و چیرۆکی دڵهەژێنی هاوبەشی ملیۆنان ئینسان.

کارەساتی ئاوارەیی لە بنەرەتدا بەجیا لە ترس لە ڕژیمی دڕندەی بەعس، ڕیشەی لە ئومێد بەستنی خەڵکی کوردستان بە ئەمریکاو جەنگ و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بوو. حزبەکانی بۆرژوازی کورد لە ساڵی ١٩٩١ بە تەواوەتی ئومێد و ئامانجی سیاسی خۆیان بەستەوە بە سیاسەت و نەخشەی جەنگی ئەمریکا و غەرب. کاتێکیش ئەمریکا لە جەنگدا سەرکەوت و دەوڵەتی بەعس و سوپاکەی تێک ڕماند، بەجیا لە کارەساتێکی مرۆیی و داڕوخاندنی تەواوەتی ژێربینای ئابوری و پایەکانی دەوڵەت و خاپورکردنی عیراق، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شاگەشکە بوون و ئەم سەرکەوتنەی ئەمریکایان، بە سەرکەوتنی خۆیان و "میللەتی کورد" لە قەڵەمدا. لەگەڵ ئەوەدا هەموو دنیا لە ئاستی فەرمی و جەماوەرییدا، هێرشی ئەمریکایان بۆسەر عێراق بە داگیرکاری ناساند، حزبەکانی بزوتنەوەی بۆرژوازی عەرەب و کورد، ئەم وەحشیگەرییەیان ناو نا" ڕزگاری عێراق" و " کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریەت"... کاتێک کە هەمان ئەمریکاو غەرب گڵۆپی سەوزیان بۆ سوپای عێراق داگیرساند، قەڵەمی دەست و پێی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شکا و ڕاکردنیان لە بەرامبەر سوپایەکی تێکشکاو برسیکراو و بێ ورەدا، هەڵبژارد. کە لەگەڵ خۆیدا جەماوەری ملیۆنی کوردستانیشی ناچار بە ئاوارەیی کرد. دیارە ڕاپەرینیش لەهەمان چوارچێوەی ئاسۆی زاڵی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و ئومێد گرێدان بە سیاسەتی ئەمریکاو غەربەوە، روویدا. ئاوارەیی لە بنەرەتدا قوربانی ئەو فۆرمە لەڕاپەرین بوو، کە لەجێگای پشت بەستن بە خەباتی خەڵکی کورستان و هێزی جەماوەری ڕێکخراو و سەربەخۆ، چاویان لەسەرکەوتنی پێشبینیکراوی سەربازی ئەمریکا بوو. خۆ ئەگەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بەرئەنجامی خەباتی لە پێشتری خەڵکی کوردستان و بەرهەمی تێکچوونی هاوسەنگی هێزی خەباتی لەگەڵ ڕژێمی بەعس بوایە بە قازانجی خەڵک، یان ڕاپەرین لە ژێر ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازنەدا بوایە. ئەوکاتە بە بەرنامەو نەخشەوە خەڵکی کوردستان دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات. خەڵکێک بە هێزی خۆیان و بە ئیرادەی پشت بەستوی خۆیان بتوانن دەست بدەنە ڕاپەرین و هێزی دەوڵەتێک تێک بشکێنن، بەو ئیرادەو توانابیەی خۆیان دەتوانن، بەرگری لە خۆیان و ئیرادەی سیاسی یەکگرتوویان بکەن و پشتیوانی دنیای پێشکەوتنخواز و بزوتنەوە ئازادیخواز و ئینسانیەکانیش، بۆخۆیان دەستەبەر بکەن.

بەداخەوە لەسەرەتای ڕووداوەکانی بۆ لاپەڕە 14